دیمۆکراسی
بۆ ئێران

# کوردستان

خودموختاری
بۆ کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣٢٦
١٠٠ تمەن

٣٠ی رەزبەری ١٣٨٠
٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١

## دابین بوونی داخوازییەکانی گەلانی ئێران ئاسایشی نەتەوەیی وڵات لە مەترسی دەخا؟!

**سوورکێو**

پاش هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماری لە ئێران و پێکهاتنی کابینەی نوێ، ئاڵوگۆڕیش بە هێندێک لە بەرپوەبەران لە ئاستە جیاجیاکان لە سەرانسەری وڵات دا کرا. یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانە دانانی چەند ئوستانداریکی نوێ بۆ هێندێک لە ئوستانەکانی وڵات و یەک لەوان ئوستانی کوردستان بوو. دانانی ئوستانداری تازە بۆ ئوستانی کوردستان، بووە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی لە لایەن نوێنەرانی ئەم ئوستانە لە مەجلیس داو سەرجەم نوێنەرانی ئوستانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە سەرەتای مانگی رەزبەردا، ئەو کارەی وەزارەتی نێوخۆیان بە هەڵە لە قەڵەم دا. لە بەشێک لەم بەیاننامەدا هاتوە کە: "بەداخەوە لە سەردەمی بەرزکردنەوەی دروشمی "شایستە سالاری" و دەسەڵاتی قانوون و ئێران بۆ گشت ئێرانییەکان و خەڵک سالاریدا، نەک هەر هیچ بایەخێک بە ئەفرادی لێوەشاوەی کورد و سوننی مەزهەب نەدرا، بەڵکوو داخوازەکانی خەڵکیش وەپشت گوێ خران". لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا وێڕای ئەوە کە رەخنە لە وەپشت گوێ خستنی ویستەکانی خەڵکی کوردستان گیراوە، و ئەوەکە "سەرنجی وەزارەتی نێوخۆ و کاربەدەستانی کەمتەرخەم بەرامبەر بە ویستی خەڵکیان، بۆ لای مەترسییەکانی ئەم چەشنە بڕیارانە" راکێشاوە، نوێنەرەکان داوایان کردوە کە "دەوڵەت یا دەبێ بە رەسمی دروشمی خەڵک سالاری، قانوونگەرایی و شایستە سالاری وەرگرێتەوە، یا دەبێ وەڵامدەری داخوازەکانی خەڵک بێ، کە لە رێگای نوێنەرانی خۆیانەوە، ویستەکانیان بێننە گۆڕێ." لە کۆتایی بەیاننامەکەدا داوا لە خەڵک کراوە کە وێڕای "ددان بەخۆدا گرتن و لەسەرەخۆ بوون و دووری لە توندوتیژی" رێگا بدەن کە نوێنەرەکانیان لە رێگای قانوونییەوە وەدوای داخوازەکانیان بکەون.

٢

## چوونی هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا بۆ نێو خاکی ئەفغانستان

بە گوێرەی هەواڵێک کە هەواڵدەرییەکان بڵاویان کردوەوە، هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا چوونە نێو خاکی ئەفغانستانەوە. بەپێی قسەی کاربەدەستانی ئەمریکایی هێزی زەمینیی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەرتەسک چۆتە نێو ئەفغانستانەوە تا بتوانن هەڵومەرجی ئەو ناوەندو ناوچانە لێک بدەنەوە کە هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا دەیانهەوێ لە داهاتوودا هێرشیان بکەنەسەر.

چوونی هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا بۆ نێو خاکی ئەفغانستان، بە نیشانەی سووربوونی دەوڵەتی ئەمریکا لە سەر وەلانانی تالیبان دادەنرێ و ئەمەش تالیبانی زیاتر تووشی گێروگرفت کردوە. رەنگە هەر ئەمەش وای لە تالیبان کردبێ کە بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئەفغانستان، گەڵاڵەیەکی نوێ لە رێگای نوێنەرەکەیەوە لە پاکستان دا، بداتە ئەمریکا. ئەگەرچی وردەکارییەکانی ئەو گەڵاڵەیە تا ئێستاش بە تەواوی رانەگەیەندراون، بەڵام وا دێتەبەرچاو کە ئەگەر گەڵاڵەی ناوبراو وەدیهاتنی بەشێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە هێرش بۆ سەر ئەفغانستان دابین نەکا، ئەم گەڵاڵەیەش ناتوانێ لە پێشگرتن بە بەردەوامبوونی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئەفغانستان شوێن دانەرێ.

٣

## دوو دەیە ئاژاوە گێڕان

### " هەڵویستەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئەفغانستان"

**هێمن**

پاش شکستی هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی رۆژئاوا بۆ چارەسەری هێمنانەی قەیرانی ئەم دواییانەی ئەفغانستان و دەستپێکردنی هێرشە نیزامییەکانی ئەمریکاو ئینگلیس بۆ سەر ئەو وڵاتە، هەڵویستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەو هێرشانە جێگای لێوردبوونەوەیە.

بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران سەرەڕای بوونی جیاوازیی زۆر لە یەکەم هەڵویستەکانیان دا سەبارەت بە رووداوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانە، بەرواڵەت بەمەبەستی مەحکووم کردنی ئەم هێرشانەو دەربڕینی نیگەرانی لە کوژرانی خەڵکی مەزلووم و بێتاوانی ئەفغانستان، تا رادەیەک هاودەنگ بوون! قسە توندو تیژەکانی عەلیی خامنەیی وەک رێبەری رێژیم، هێرشی موحەممەدی خاتەمی لە دژی ئەوەی کە ئەو بە شەڕی شارستانەتییەکانی دانا، بانگهێشتنی خەڵک بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی دوای نوێژی هەینی و تەبلیغاتی بەربڵاوی تلویزیۆنی بۆ شوێندانان لە سەر بیروڕای گشتی و ... هەنگاو دژکردەوەی سەرەتاییەکانی کۆماری ئیسلامی پێک دێنن.

ئەگەر وای دابنێین کە بەرپرسانی رێژیم لە هەڵویست و وتەکانیان دا سەبارەت بە

٤


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەواڵەکانی کوردستان<br>پیرانشار،سەردەشت<br>٥ | تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات<br>سوئێد، سویس، فینلاند<br>٦ | تیرۆریزم هەڕەشەیەکی دژی مرۆڤایەتی<br>٧ | هەواڵەکانی ئێران و جیهان<br>٩ | "سێ دەقیقە بێدەنگی"<br>١١ |


**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## دابین بوونی داخوازییەکانی گەلانی ئێران ئاسایشی نەتەوەیی وڵات لە مەترسی دەخا؟!

درێژەی لاپەڕەی ١

ئەم نوێنەرانە دواتر واتە لە ڕۆژی هەشتی ڕەزبەردا، بە هۆی بایەخنەدانو کەمتەرخەمیی دەوڵەت بە نیسبەت ئەو شتەی کە بە داخوازە ڕەواکانی خەڵك ناویان بردوە، ویکڕا دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان لە نوێنەرایەتیی مەجلیس ڕاگەیاند. لە نامەی دەست لە کار کێشانەوەکەیان دا رووی دەمیان کردۆتە هەیئەتی سەرۆکایەتیی مەجلیسی شوورای ئیسلامیو نووسیویانە کە: "بە پێی ماددەی ٩٢ی ئایین نامەی نێوخۆیی مەجلیسی شوورای ئیسلامیو لەبەر بایەخنەدانی دەوڵەتی بەرێزی ئاغای خاتەمی بە تایبەت وەزارەتی نێوخۆ بەداخوازە ڕەواو قانوونییەکانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، جێبەجێ نەکردنی ئەسڵەکانی ١٥و ١٩ی قانوونی ئەساسیو نەدانی مافی بەرامبەر بە کوردەکانو بە تایبەت کوردە سوننییەکان، کەمتەرخەمیی سەرکۆمار لە جێبەجێ کردنی ئەسڵی ١٢١ی قانوونی ئەساسیدا کە باسی پەرەپێدانی عەدالەتو پشتیوانی لە مافی میللەت دەکاو بایەخنەدانی دەوڵەت بە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی کورد دەست لە نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد دەکێشینەوە."

شایانی باسە کە لە کۆتایی مانگی خەرمانانیش دا، ژمارەیەك لە بەرێوەبەرانو فەرماندەرانی ئوستانی کوردستان نامەیەکیان بۆ سەرکۆمار نووسیو داوایان لیٚ کرد کە ئوستاندار لە سەرکارەکەی بهێڵێتەوەو هەروەها یەکێك لە نوێنەرانی مەجلیس لە نامەیەکی سەرئاواڵادا بۆ سەرکۆمارو وەزیری نێوخۆ داوای لیٚ کردبوون کە لە کاتی دانانی ئۆستانداری نوێ بۆ ئوستانی کوردستان دا، ویستەکانی خەڵکی ئەو ئوستانە وەبەرچاو بگرن. هەروەها شوورا ئیسلامییەکانی شارەکانی ئوستانو کۆروکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ناردنی نامەو تۆماری جۆراوجۆر بۆ سەرکۆمار، نارەزایەتیی خۆیان لە شێوەی دانانی ئوستانداری تازە بۆ ئوستانی کوردستانو گوێنەدانی دەوڵەت بە بیرو بۆچوونی خەڵك دەربڕیبوو.

کۆری نوێنەرانی ئوستانی کوردستان لە روونکردنەوەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەکەی دا، ئەو بۆچوونە تایبەتییانەی کە لە بارەی ئوستانی کوردستانو خەڵکی کورد لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییەوە هەن، وەك هۆکاری سەرەکیی ئەو هەنگاوەی خۆی ناوبرد. بە وتەی ئەم نوێنەرانە ـ لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەواڵنێرەکان دا ـ لە ڕاستیدا شێوەی دانانی ئوستانداری تازە بە بیٚ ڕاوێژو پرسوڕا کردن بەوان تەنیا بۆتە هۆی خێراکردنی ڕەوتی ئەو بڕیارەی کە گۆیا ئەوان کە ساڵێك لەمەوبەرەوە بە تەمای جێبەجیٚ کردنی بوون. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم بڕیارەی ئێستایان بڕیارێکی لە ناکاو نەبووەو بەڵکوو لە درێژەی نارەزایەتییەکانی ئەوان دەرهەق بە سیاسەتی بایەخنەدانی دەوڵەت بە وەزعی ئوستانی کوردستانو داخوازەکانی خەڵکی ئەم ئوستانە بووە.

مەبەست لە ئاماژە کردن بە ڕەوتی دروستبوونی نارەزایەتیی نوێنەرانی ئوستانی کوردستان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی، بە شێوەی دەست لە کارکێشانەوەی بە کۆمەڵ، نیشاندانی چۆنیەتیی پەنابردنەبەر ڕێگاچارە قانوونییەکانو هەروەها ڕێوشوێنی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەوانەوەیە، پەرەسەندنی نارەزایەتیی خەڵكو خەمساردیو گوێنەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم بە ویستەکانی نوێنەرانی خەڵكو هەروەها داواکانی هێندێك لە بەرێوەبەرانو بەرپرسانی ئوستان کە دەوڵەت بۆخۆی دایناون، گویا بوونەتە هۆی خێراتر بوونی ڕەوتی ئەو بڕیارەی کە ئەم نوێنەرانە لە ساڵێك لەمەوبەرەوە دابوویان.

دەنگدانەوەی ئەم هەڵوێستەی نوێنەرانی ئوستانی کوردستان لە نێو بیروڕای گشتیدا هەرچی بووە بە جێی خۆیو ئێمە لێرەدا ناچینە سەر ئەو لایەنە لە مەسەلەکە، بەڵام ئەوەی لەم وتارەدا بۆ ئێمە گرنگە، کاردانەوەی توندو لوتبەرزانەی هێندێك لە کاربەدەستانی ڕەسمیی وڵات بە نیسبەت ئەو بڕیارەیە، کە بە پەنابردنە بەر بەندە قانوونییەکانو بە گوێرەی ئایین نامەی خودی مەجلیس دراوە. کاردانەوەیەك کە ڕوانگەی کاربەدەستانی پایەبەرزی حاکمییەتەو سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلانی چەوساوەو زۆرلێکراو لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە. عەلیی موحەقەر بریکاری پارلمانیی وەزارەتی نێوخۆ لە بارەی ئەم دەست لە کار کێشانەوەیەدا ئاوا دەڵیٚ: "ناوچەگەرایی" چ لە گیلانو کوردستانو چ لە سیستانو بەلووچستان دا، بە قازانجی ئێران نیە". ناوبراو هەروەها دەڵیٚ: "دۆستانی ئێمە لە ئوستانەکان دا نابیٚ سەبارەت بە "بومیگرایی" ئەوەندە"حساسیت" لە خۆیان پێشان بدەن، ئێمە هەموومان موسوڵمانو ئێرانین."

"شەکووریی ڕاد ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی مەجلیس کە سەربە بەرەی "مشارکت"ە لە مەجلیس دا لە وتووێژێك لەگەڵ هەواڵنێران لەم پێوەندییەدا دەڵیٚ:"ئێمە پشتیوانی لە چوونە سەری داخوازە قەومییەکان ناکەینو لە سەر ئەو باوەڕەین ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە، هەڕەشە لە ئەمنییەتی میللیی ئێمە دەکا، بەڵام قەومەکانیش هێندێك مافیان هەن کە نابیٚ وەبەرچاو نەگیرێن". ناوبراو هەروەها ئەوەش وەبیر دێنێتەوە کە :"نابیٚ مەسەلە قەومییەکان بە سەر مەسەلە میللییەکان دا زاڵ بن."

بەڵام هەڵوێستی مووسەویی لاری، وەزیری نێوخۆ، لە پێوەندی لەگەڵ دەست لە کارکێشانەوەی بە کۆمەڵی نوێنەرانی ئوستانی کوردستان دا لە هەمووان سەرنج ڕاکێشترە، ناوبراو لە ڕێورەسمی ناساندنی ئوستانداری نوێو ماڵئاوایی کردن لە ئۆستانداری کۆنی کوردستان، لە شاری سنە دا گوتی:"من بەرنامەو خۆجیا کردنەوەی وا کە ببێتە هۆی لێك بڵاو بوونی (واگرایی) میللی قبوول ناکەم". مووسەویی لاری هەروەها جەختی کردەوە کە"خۆ جیا کردنەوە خەیاڵی، فەرزیو خەون ئاساکان کە تەبایی و یەکیەتیی میللی لاواز بکەن، نابیٚ بایەخی بدرێتیٚ." وەزیری نێوخۆ هەروەها ویٚرای ئاماژە بەوەی کە ئەو شێوە خۆجیا کردنەوانەی کە دەبنە مایەی مەیل بە لێك بڵاوبوون، لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای ڕیفۆرمنو گوتی: "لە هەلومەرجێك دا کە کۆمەڵانی خەڵك بە گشتی بۆ شوێندانان لە سەر چارەنووسی وڵات پەنادەبەنە بەر قانوونی ئەساسی، زەق کردنەوە هێندێك کێشە مانایەکی نیە."

لەم دژ کردەوانەدا، ویستە هەرچەند سەرەتاییەکانی نوێنەران، مۆرکی"ناوچە گەرایی" "هەڕەشە لە ئەمنییەتی میللی"، "بایەخدانی زیاتر بە مەسەلەی قەومی لە بەرامبەر مەسەلەی میللیدا"، "مەیل بە لیك بلاو بوون بە هۆی خۆجیا کردنەوە"، "کوسپی سەر ڕێگای ریفۆرمەکان"و هەروەها"پووچیو بیٚ مانایی" یان لیٚ دراوەو بەو پێوانانە هەڵ سەنگێندراون. ئەو تۆمەتو مۆرکانە وەبیر هێنەرەوەی هەمان ئەو چەکە ژەنگاوییانەن کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی بە کاریان دێناو ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلانی زۆر لێکراوو ڕاپەریو کەڵکی لیٚ وەردەگرن.

لە فەرهەنگی ئەم بە ناو ریفۆرمخوازە حکوومەتییانە ـ بەڵام لە ڕاستی کۆنەپەرستو شووینیستانەدا ـ داوای مانەوەی کوردێك وەك ئوستانداری ئوستانێکی کوردنشین "ناوچەگەرایی"یەو دەبێتە هۆی جیا بوونەوە،←

داوا کردنی یەکێك لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکان واتە خوێندن بە زمانی زگماکی لە لایەن گەلێکەوە کە لە سەرجەم مافەکانی خۆی بێ بەشە، وەك "چوونە سەری داخوازە قەومییەکان" دادەنرێو ورووژاندنی ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی هەرەشە بۆ سەر "ئەمنییەتی میللی"ی ئەو جەنابانەو نیشانەی" زاڵبوونی مەسەلەی قەومی بە سەر مەسەلەی میللی"داو، دەست لە کار کیشانەوەی بە کۆمەڵی نوینەرانی ئوستانێکی کوردنشین دەبێتە مایەی" مەیل بە لیك بڵاو بوونی میللی" بە هۆی" خۆ جیا کردنەوەی وا کە پووچو بێ مانا"نو"کوسپی سەر ریگای ریفورمەکانی" ئالاهەڵگرانی" پێکهینانی کۆمەڵی شارستانی"ن.

ئاشکرایە کە لە ئیرانی فرە نەتەوەییو لەم سەردەمەدا، باسی میللی گەرایی دەبیتە سەرەکی ترین کیشەی هەر حکوومەتیکی ئیستاو داهاتوو لە ئیران داو رادەی سەرکەوتنی هەر حکوومەتو دەولەتیکیش دەگەریتەوە بۆ رادەی سەرنجدانی ئەو حکوومەتە بەم فرەنەتەوەیی بوونەو دارشتنی ئیستراتیژییەکی گونجاوی ئەوتۆ کە داخوازەکانی هەموو گەلانی ئیران وەبەر چاو بگرێ. لە پیوەندی لەگەڵ دەولەتی ئیستاش دا دەبێ بلیین ناکرێ ئیدەعای باوەر بوون بە دروشمی"ئیران بۆ گشت ئیرانییەکان" بکەین، بەڵام ریگە بە بەشداریی بەریوەبەرانو هەڵبژاردەکانی گەلانی چەوساوە لە بەریوە بردنی وڵات نەدرێ. داخوا هینانە گورێ "ناوچە گەری" و"مەیل بە لیك بڵاوی"و"بێ مانایی"،"کوسپ نانەوە لەسەر ریگای ریفورمەکان"، "هەرەشە لە ئەمنییەتی میللی"و... لە بەرامبەر سەرەتاییترین و روونترین ویستەکانی گەلانی زۆرلیکراوی وڵاتەکەمان دا، بەردەوام بوونی هەمان بۆ چوونی "تمرکز گرایی" نیە؟ ئایا هینانەگۆری ئەم داخوازە سەرەتاییو رەوایانە دەبێ بە روانگەو سیاسەتی سواوی "کوردستان، یەزد، ئیسفەهانو کرمان هەموویان بەرامبەرن" وڵام بدریتەوە؟ ئاڵا هەڵگرانی ریفۆرمخوازیو پیکهینانی کۆمەڵی شارستانی دەبێ باش بزانن کە لە وڵاتی ئیمەدا، بە بێ وەڵامدانەوەی ویستە رەواکانی گەلانی زۆرلیکراو باسی پیشکەوتنو ریفورمو هەنگاونان بەرەو گەشە کردنو هەڵدانو سەقامگیر بوونی خەلك سالاری، لە خەونیك بەولاوە هیچی تر نیە. ئەوان دەبێ ئەو راستییە قبووڵ بکەن کە ئەمنییەتی میللی بە بێ بەشداریی گەرموگوری تیکرای خەلکی ئیران جیگیر نابێ. ئەم بەشدارییە گەرموگورو وشیارانەیە کاتیك وەدی دێ کە تەواوی خەلك خاوەنی مافی بەرامبەربن. ئەو کاتەیە کە دەکرێ لە بوونی ئەمنییەتی میللیو دەسەلاتی میللی دلنیا بین.

لە حالیك دا بە پێی ئەو بەلگانەی لە بەر دەست دانو بە گویرەی قسەی ئەم نوینەرانە سیاسەتەکانی سەرچاوە گرتوو لە روانینە تایبەتییەکانی کاربەدەستانی ریژیم لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگیدا، بە نیسبەت گەلی کوردەوە بوونەتە هۆی ئەوە کە کوردستان هەروا لە پاشکەوتوویی‌دا بهیلریتەوەو سەرکوتو زیندان وڵامی داخوازە سەرەتاییەکانی خەلکەکەی بێ. حکوومەتی کۆماری ئیسلامیو قۆڵە بەریوەبەرەکەی واتە دەولەتی خاتەمی بە پیچەوانەی ئیدیعا ریفورمخوازانەکانیان هەموو هەوڵی خۆیان بۆ بەلارێ دا بردنی بیرورای گشتیو بۆ پیشگیری لە تەقینەوەی نارەزایەتیی خەلك بە کار هیناوە. سیاسەتی ئەوان دەرهەق بە گەلی زۆرلیکراوی کورد جگە لەوە نیە کە سەرەرای هینانەگۆری دروشمی "ئیران بۆ گشت ئیرانییەکان" هیشتا هەروا متمانەیان پێ ناکاو خەلکی کورد وەك هاووڵاتی پلە دوو چاو لێ دەکا. لە ماوەی دەسەلاتداریی کۆماری ئیسلامیداو بە تایبەت لەم چەند سالەدا کە خاتەمی وەك سەرکۆمار، ئیدیعای پیکهینانی ریفورم دەکا، لە کوردستان دا سەرەرای بایەخنەدان بە ویستە سەرەکیو بنەرەتیکانی خەلك، گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدیر لەو پەری خۆی دایە، هەژاریو بیکاری، نەبوونی بیهداشتو زۆر دیاردەی خراپی کۆمەڵایەتیی دیکە لە پەرەسەندن دانو سیاسەتی بێبەش کردنی گەلی کورد لە مافە رەواکانی خۆیو دریژەدان بە ستەمی میللی هەروا بەردەوامە.

لە روانگەی ئەم ئالاهەلگرانەی ریفورمەوە، ئەگەر ئۆستانداری ئیسفەهانو ئوستانی کوردستانو چەند ئوستانیکی دیکەی وڵاتیش، بۆ نموونە خەلکی ئیسفەهان بن، ئەمە بە "قەوم گەرایی" دانانرێ. بەڵام ئەگەر داوا بکرێ کە ئوستاندارەکانی ئۆستانە کوردنشینەکان(نە ئوستانەکانی دیکە) کوردو شارەزای وەزعی ناوچەکە بن ئەمە دەبیتە هۆی پەرەئەستاندنی(قەوم گەرایی)و ئەمنییەتی میللی دەکەویتە مەترسییەوەو..

کاربەدەستانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە راستی ئاگادار نین یا خۆیان لە گیلی دەدەن کە ئەوەی کە مەترسی لە سەر"ئەمنییەتی وڵات" دروست دەکا، وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیکانی گەلانی ئیران نیە، بەلکوو حاشا کردن لەو مافەو پشت گوێ خستنی ویستەکانی گەلانی ئیرانە، ئەمەش شتیکە کە سەرانی ریژیم ئالاهەلگرو بەریوەبەرین. ✦

# چوونی هیزە زەمینییەکانی ئەمریکا بۆ نیو خاکی ئەفغانستان

دریژەی لاپەرەی١

بیگومان هەرچەشنە گەڵالەیەك کە بە مەبەستی راگرتنی هیرشی نیزامی، لە لایەن تالیبانەوە پیشنیار بکرێ مەرجی مانەوەی تالیبانی لە سەر کورسیی دەسەلاتی تیدا دەبێو ئەمەش شتیکە لە گەڵ ئامانجی راگەیاندراوی ئەمریکا لە هیرش بۆ سەر ئەفغانستان، یەك ناگریتەوە، چونکە ئەمریکا، ئەفغانستانی ژیر دەسەلاتی تالیبان بە حەشارگەو مەکۆی تاقمە تیرۆریستەکان دەزانێو دەیهەوێ ئەم حەشارگەیە لەو تاقمە تیرۆریستیانە کە لە لایەن تالیبانەوە دالدە دەدرین، تیك بداو حکوومەتیك لەو وڵاتە دا بینیتە سەرکار کە هاوسەنگیی خەلکی ئەفغانستان لە دەسەلاتدا بپاریزێو لە هەمان کاتدا نەهیلێ ئەو وڵاتە ببیتە حەشارگەی تیرۆریستەکان. بە بەهیزبوونی ئەگەری هیرشی بەربلاوی زەوینی بۆ سەر ئەفغانستان، چارەنووسی ئەو وڵاتەو هەروەها ئەو حکوومەتەی کە لەداهاتوودا لەو وڵاتەدا دیتە سەرکار، سەرنجی کۆروکۆمەلە سیاسییەکانی پتر راکیشاوە، شتیکی سروشتییە ئەگەر ئەو مەسەلەیە ـ حکوومەتی داهاتووی ئەفغانستان ـ لە لایەن ئەمریکاو وڵاتانی دراوسیی ئەفغانستانەوە بایەخی پتری بدریتێ. بۆیە هەرکام لەو وڵاتانە، بۆچوونەکانی خۆیان لە پیوەندی لەگەڵ داهاتووی ئەفغانستان دا بە گویرەی بەرژەوەندی خۆیان گەڵاڵە دەکەنو لە پیناو وەدیهینانیان دا تێ دەکۆشن. ئاشکرایە کە لە کاتی بریاردان لە سەرداهاتووی ئەفغانستانو حکوومەتی داهاتووی ئەو وڵاتە دا بۆچوونی ئەو وڵاتو لایەنانە پتر کاریگەر دەبێ کە لە رەوتی وەلانانی تالیبان دا نەخشیان هەبووبێ. لەم نیوەدا کۆماری ئیسلامیی ئیران کە لە لایەکەوە تیرۆریزمی بە روالەت مەحکووم کردوەو لە لایەکی دیکەوە دژایەتیی خۆی لە هیرشی نیزامی بۆ سەر ئەفغانستان ـ لە راستی دا بۆ سەر تالیبان ـ دەربریوە، دەتوانێ چۆنو بە چ رادەیەك لە دیاریکردنی حکوومەتی داهاتووی ئەفغانستان وەك دراوسێیەك کە سنووریکی دریژی هاوبەشی لەگەڵی دا هەیە، نەخشی هەبێ؟!

✦✦

# دوو دەیە ئاژاوەگێڕی

## "هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئەفغانستان"

درێژەی لاپەرەی١

خەڵکی مەزلوومی ئەفغانستان سەرراستن‌و دوا هەڵویستی ئەوان سەبارەت بە موسوڵمانە مەزلوومەکانی دیکە لەبەرچاو نەگرین! (بۆ وێنە موسوڵمانەکانی چیچێن کە بە هۆی هێزەکانی رووسیە ـ کە پێوەندیی باشی لەگەڵ ئێران دا هەیە ـ سەرکوت دەکران‌و خامەنەیی بە پێویستی نەزانی تەنانەت گلەیی‌یەکی دۆستانەش لەو ولاتە بکا)، پێویستە هەڵویست‌و سیاسەتە خاریجی‌یەکانی ئێران سەبارەت بە مەسەلەکانی پێشوو هەڵ سەنگێنین تا رادەو نەخشی ئەم هەڵویست‌و هەنگاوانە لە دیاریکردنی بارودۆخی زاڵ بەسەر ئەفغانستان دا تا رادەیەك روون بێتەوە.

گومانی تێدا نیە کە سێ ولاتی ئێران، پاکستان‌و عەرەبستان ـ بە هۆی جۆراوجۆر ـ لە مێژووی ئەفغانستان دا نەخشی کاریگەرو هەروەها رکەبەرییان هەبووەو هەیە. تا ئێستا سیاسەتە تایبەتییەکانی پاکستان‌و عەرەبستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستان دا لە زۆر لایەنەوە شی‌کراونەتەوە، بەڵام رەوتی هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی ئەفغانستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەخشی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەواو دەبێ.

دوو قۆناغی مێژوویی شەڕە جیهادییەکان‌و شەرە نێوخۆیی‌یەکانی موجاهیدین، گەورەترین نەخشیان لە ئامادەکردنی زەمینەی دەرکەوتن‌و بەدەسەڵات گەیشتنی تالیبان دا هەبووە. لە درێژەی ئەم وتارەدا نەخشی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناخانەدا هەڵدەسەنگێنین:

١ ـ رووداوەکانی شەری جیهادی (١٩٩٢ ـ ١٩٧٩)

دوای بەدەسەڵات گەیشتنی کومۆنیستەکان لە ئەفغانستان‌و بەتایبەت بەهاتنی هێزەکانی سوڤیەت بۆ ئەفغانستان‌و دەستپێکردنی دژکردەوە نیوخۆیی‌یەکان‌و پێکهاتنی تاقمە جیهادییەکان بەرەیەکی بەربلاو لە هاوبەندییەکی غەیرە رەسمی (پێکهاتوو لە ولاتانی پاکستان، عەرەبستان، ئەمریکاو تەنانەت چینی کومۆنیست) بە راشکاوی پشتیوانیی لەو تاقمە جیهادییانە دەکردو لە شەڕ بە دژی ئەرتەشی سوورو حکوومەتی ئەفغانستان یارمەتییان دەکردن. سەرەرای ئەوە کە لە تەواوی ماوەی بەرەبەرکانیی موجاهیدەکان دا، نوینەرایەتییەکانی ریژیمی ئەفغانستان لە تاران‌و مەشهەددا کراوە بوون، ئیرانیش هەر لە سەرەتاوە چووە نیو ئەو هاوبەندییەوە. راگەیاندنی پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئیران لە "شۆرشی هەرات" (١٩٧٩) کە لە ماوەی دوو حەوتوودا زیاتر لە ٢٠٠٠٠ هەزار کەس تییدا کوژران، سیاسەتی ئیرانی ئاشکراتر کردو دەولەتی ئەفغانستان بە شیوەی رەسمی ئیرانی وەك هۆکاری ئەو کارەساتە ناساندو دەستیوەردانی ئیرانی مەحکووم کرد.

لە سالی ١٩٨٢ "یەکەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان" (واحد نهضتهای آزادیبخش) سەر بە سوپای پاسداران کە پشتیوانی لە رەوتە ئیسلامییەکانی بە ئەرکی خۆی دەزانی، کەوتە یەکخستن‌و تیکەڵ کردنی هەشت تاقمی بچووکی شیعە لە بەرەیەك دا بە نیوی "حیزبی وەحدەتی ئیسلامی"و هەولی‌دا خەباتی شیعەکانی ئەفغانستان لە خەباتی تاقمە جیهادییەکانی دیکە جیا بکاتەوە. ئەگەرچی پاش ماوەیەك "حیزبی حەرەکەتی ئینقیلابی" بە ریبەریی شیخ ئاسف موحسینی لەو هاوبەندییە هاتە دەرێ، بەڵام ئیران بەردەوام بەیارمەتییە ماددی‌و نیزامی‌یەکانی خۆی هەلومەرجی خۆراگرتنی حیزبی وەحدەتی ئامادە دەکرد. رکەبەرایەتیی نیو حیزبی وەحدەت بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئیران‌و کەلکی خراپ وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لەو رکەبەرایەتییانە بووە هۆی ئەوە کە تیکهەلچوون لە نیوان دوو قۆلی حاکم بەسەر ئەو حیزبەدا (بە ریبەرایەتیی عەبدولعەلیی مەزاری‌و کەریم خەلیلی) روو بدا. هەولەکانی ئەو حیزبە بۆ دریژەدان بە خەبات بە شیوەیەکی سەربەخۆ لە تاقمە جیهادییەکانی دیکە، جۆرە ناتەبایی‌یەکی لە تەواوەتی خەباتی ئەفغانستان دا دروست کردبووو، زۆر بەر لە سەرکەوتن، زەمینەی ناکۆکی‌و دووبەرەکیی لە نیوانیان دا پیك هینا.

لە هەلومەرجیك دا کە دوکتور نەجیب سیاسەتی ئاشتیی میللیی گرتبووە بەرو بۆ پیکهینانی حکوومەتیکی هاوبەش بەبەشداریی سەرجەم موجاهیدینی ئەفغان تیٚدەکۆشا، هەولەکانی ئیران بۆ پیداگرتن لەسەر رووخاندنی دەولەتی کابول لەلایەن حیزبی وەحدەتەوە جیبەجیٚ دەکران. سەرئەنجام پاش سەرکەوتنی موجاهیدین‌و لە یەکەم شوورا دا (کە بە مەبەستی پیکهینانی حکوومەتی جیگرەوە پیك هات‌و هیشتا پیکهاتەی بە تەواوی ئاشکرا نەبوو)، حیزبی وەحدەت بەتوندی پیی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبیٚ ٢٠٪ی کورسییەکانی حکوومەتی داهاتووی بدریتیٚ. هینانە گۆری سیاسەتی "بەشداری لە سەر بنەمای ریژە" کە سیاسەتی دیکتەکراوی کۆماری ئیسلامی بوو، بووە بەردی بناخەی شەری نیوخۆیی. لە حالیك دا کە کۆماری ئیسلامی هیچ چەشنە مافیکی تەنانەت لە ئاستی بەریوەبەریی نیونجییش دا بە گەلان‌و کەمایەتییە مەزهەبییەکانی ژیر دەسەڵاتی خۆی نەدابوو (ئیستاش هەرنەی داوە)، لیبراوانە داوای بەشی شیعە ئەفغانی‌یەکانی دەکرد. لە هەموو ململانیٚ‌و هەورازو نشیوەکانی سەرەتای حکوومەتی کاتی‌دا، ئیران تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو کە ژمارەی شیعەکان‌و هیزە نیزامییەکانیان زیاتر لەوە کە هەیە نیشان بدا. سەرەنجام سەرەرای هەولەکانی "برهان الدین ربانی" (وەك سەرۆك کۆماری حکوومەتی ئیسلامی) لە ٧ی ژوئەنی ١٩٩٢دا، حیزبی وەحدەتی ئیسلامی لەگەڵ "یەکیەتیی ئیسلامیی سەیاف" دەرگیر بووو ئیرانیش هیرشی تەبلیغاتیی خۆی دەستپیکرد.

٢ ـ رووداوەکانی شەری نیوخۆیی (١٩٩٦ ـ ١٩٩٢)

تاقمە موجاهیدەکانی ئەفغانی کە لە سەردەمی شەرە جیهادییەکان دا بەتەواوی بەستراوە بە یارمەتییە دەرەکییەکانی ولاتانی دەولەمەند بوون، پاش سەرکەوتن‌و برانی یارمەتی‌و پشتگیریی ئەو ولاتانە (بەتایبەت پاش ئەوەی ئەمریکا سیاسەتی پشتگوێ خستنی ئەفغانستانی گرتە بەر) بەرەسمی دەستەو داوینی ولاتانی دراوسێ بوون. چونکە بەرژەوەندەکانی ئەو ولاتانە لە ئەفغانستان دا جۆراوجۆرو جاروباریش دژ بەیەك بوون‌و هەموویان لە بیری سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتری خۆیان لەو ولاتەدا بوون، شەرە نیوخۆیی‌یەکان زیاتر تەشەنەیان کرد. ویرای ئەوە کە کابول لە نیوان تاقمە دژ بە یەکەکان دا دابەش کرابوو، هەرکام لە تاقمەکان بەسەر ناوچەیەکی ولات دا حاکم بوون.

یەکیك لە خالە جیگای داخەکانی ئەو شەرانە، بریتی بوو لە گۆرانی لەناکاوی هەلویستی حیزبەکان. بۆ وینە ژینراڵ دوستوم کە پیشتر هاوپەیمانی رەببانی‌و ئەحمەد شا مەسعوود بوو، دوای ماوەیەك چووە پاڵ حیکمەتیارو لە دژی رەببانی شەری دەکرد! بەڵام لەم نیوەدا نەخشی ئیران‌و حیزبی وەحدەتی ئیسلامی جیگای سەرنجە. حیزبی وەحدەت لەگەڵ هەرکام لەو تاقمانەی کە زیاتر پیٚدەچوو دەسەڵات بەدەستەوە بگریٚ، هاوبەندیی دەکردو دژی ئەوانی دیکە شەری دەکرد! لە سەرەتادا هاوپەیمان‌و هاوبەندی رەببانی بووو ئیرانیش پشتیوانیی لە هەردووکیان دەکردو "برهان الدین ربانی" بۆ راکیشانی سەرنجی ئەوان ژمارەیەك هەزارەی خستە نیو حکوومەتەوە. بەڵام وردە وردە بیانووگرتن دەستی پیٚکردو سەرەنجام نەیتوانی حیزبی وەحدەت بەتایبەت ژمارەیەك لە ریبەرەکانی ـ کە خوازیاری ئیمتیازی زیاتر بوون ـ رازی بکا. لە ئاکام دا عەبدولعەلیی مەزاری سەرۆکی حیزبی وەحدەت لەگەڵ حیکمەتیار بووە هاوپەیمان‌و لە رەببانی هەل گەرایەوە. ئیرانیش هەروا دریژەی بە پشتیوانیی خۆی لە شیعەکان داو ئەوە بەتەواوی لە ئاراستەی لاوازکردنی رەببانی‌دا بوو. لەماوەی مووشەکباران کرانی کابول دا زیان‌و زەرەرەکان لە تیکرای زیان‌و زەرەرەکانی سەردەمی داگیرکاریی سوڤیەت زیاتر بوون! ژمارەی ئەو مووشەکانەی کە بە سەر ئەو شارەدا بارین، زیاتر لە دە هەزار مووشەك بووو زۆر گەرەکی کابول لەگەڵ خاك دا یەکسان بوون. لە ماوەی چوار سال شەری نیوخۆیی‌دا تەنیا لە شاری کابول ٣٠٠٠٠ کەس بوونە قوربانی.

گەمارۆی کابول تا بە دەسەلات گەیشتنی تالیبان دریژەی هەبوو. تا ئەوەی کە لە سالی←

# هەواڵەکانی کوردستان

**پیرانشار:**

بە پێ خەبەرێک کە لە پیرانشارەوە بە دەستمان گەیشتوە، سەعات ٨ی بەیانیی ڕۆژی ٢٦ ڕەزبەر لاوێکی ٢٤ ساڵە بە ناوی بایەزیدی تیرغەم ناسراو بە بایەزید بەفرە بۆ هێنانی هێندێ کەلوپەلی بازرگانی بە ماشین دەچێتە گوندی زێوە لە ناوچەی سنووریی پیرانشار. لە نێو ئاوەدانی تووشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبێ‌و بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێ دەکەوێتە بەر دەسرێژی سەربازێک‌و دوو گوللە لە سەری دەدرێت. بایەزید بە برینداری ڕەوانەی ورمێ دەکرێ، بەڵام لە بەر کاریگەر بوونی برینەکانی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دەدا‌و تێکەڵ بە کاروانی قوربانیانی جورم‌و جینایەتی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی‌دەبێ.

کاتێک کەسوکاری بایەزید بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەکە مراجعە دەکەن، بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەو شەرتە جەنازەکە دەدەنەوە کە هیچ چەشنە کۆبوونەوەیەک بەو بۆنەیەوە لە لایەن خەڵکەوە ڕێک نەخرێ.

**سەردەشت**

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٨٠ ماشێنێکی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کە هەڵگری ٥ کەس‌و دۆشکایەک بوو لە ناوچەی هۆمل هەڵدێراو لە ئاکام دا هەر ٥ سەرنشینەکەی بریندار دەبن.

بە گوێرەی زانیارییەکان دوو کەس لە بریندارەکان بە هۆی سەختیی برینەکانیان لە ڕێگای سەردەشت ـ مەهاباد مردوون.

# دەورەی ١٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی هات

دەورەی ١٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی هات‌و بەم جۆرە ژمارەیەکی دیکە لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەیوەست بوون. بەو بۆنەیەوە ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ١٨ی ڕەزبەری ١٣٨٠ی هەتاوی ڕیورەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب بەڕیوەچوو. لەوڕیورەسمەدا هاوڕێ فەتاح کاویان ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەیئەتێک لە لایەن کومیسیونی سیاسی نیزامی‌و بەرپرس‌و پێرسونێلی فێرگە‌و بەشدارانی دەورەی ١٣٤ بەشدار بوون.

ڕیورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ عومەر باڵەکی بەرپرسی فێرگە‌و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب وتەیەکی پێشکەشی بەشداران کرد. لە بەشێکی دیکەی ڕیورەسمەکەدا ڕاپۆرتی ئاموزشیی فێرگە لە لایەن یەکێک لە مامۆستاکانی فێرگەوە خوێندرایەوە. دواتر پەیامی کۆتایی دەورە کە لەودا لە ئەرک‌و ماندوو بوونی بەڕیوەبەرانی فێرگە ڕێز گیرا بوو لە لایەن یەکێک لە بەشدارانی دەورەکەوە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا هاوڕێ فەتاح کاویان خەڵاتی فێرگەی بە سەرکەوتووەکانی ئەو دەورەیە بەخشی.

نیوئاخنی بەرنامەکانی ئەم ڕیورەسمە بریتی بوو لە سروودی شۆڕشگێرانە‌و گۆرانیی کە بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزب پێشکەش کران.

پاش کۆتایی ڕیورەسمەکە بەشدارانی دەورەکە بەرەو شوێنی کارو مەئمووریەتیان بەرێ کران.

١٩٩٥ دا تالیبان هێزەکانی حیکمەتیارو حیزبی وەحدەتیان ڕاو ناو بۆ خۆی کابولی گەمارۆ دا! لە ڕاستیدا کابول بایەخی ئەوەی نەبوو کە بەرگریی لێ بکرێ. هاوبەندیی درەنگ وەختی ڕەببانی و حیکمەتیار لە گەل یەکدی و زۆر دواتر لەوەش پیوەست بوونی حیزبی وەحدەت بەو هاوبەندییەوە، نەیتوانی بەرگری لە پێشڕەوییەکانی تالیبان بکا. تالیبان کە پێشتر قەندهارو هەراتی گرتبوو، بیست ڕۆژ دوای گرتنی کابول، جەلال ئابادیشی گرت و هاوبەندیی باسکراو، بیجگە لە چۆل کردنی کابول چارەیەکی دیکەی نەبوو! وەدواخستنی بە ڕەسمیەت ناسینی حکومەتی ڕەببانی لە لایەن ئێرانەوە دوایین هەلەی سەردەمی شەڕی نێوخۆیی بوو.

ڕەنگە تەنیا سەرکەوتنێک کە ئێران توانی بە ئاسانی وەدەستی بێنی بریتی بێ لە پێکهێنانی ڕکەبەرایەتی لە نێوان قۆلەکانی حیزبی وەحدەت لە پێناوی بەرژەوەندە تایبەتەکانی‌دا. هەولی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئەو چەکانەی لە شەڕە جیهادییەکان دا بە جێ مابوون بووە هۆی ئەوە کە قولە جیاوازەکانیش بکەونە ململانەوە. لە سالەکانی ٨٨-١٩٨٦ دا ئەمریکا ٩٠٠ مووشەکی دژی هەوایی "ئیستینگەر"ی دابوو بە موجاهیدەکان، کە هەولەکانی دواتری ئەو ولاتە بۆ کۆکردنەوەیان بێ ئاکام مانەوە. زۆر لەو مووشەکانە بە نرخی زۆر هەرزان بە ئێران فرۆشران. لە حالێک دا بایی هەرکام لەو مووشەکانە زیاتر لە دو میلیون دولار بوو، ئێران تەنیا لە دوا موعامەلەدا ٥ فەروەند لەو مووشەکانەی بە یەک میلیون دولار لە یەکێک لە تاقمە بچووکە شیعەکان کڕی! (گۆڤاری "علم و جامعە" ژمارە ١٣٩) بەلام ئەو هەنگاوە سەوداکەرانەیە بووە هۆی پشتیوانیی زیاتری پاکستان‌و عەرەبستان لە تاقمی تالیبان( چ بەر لە بە دەسەلات گەیشتن‌و چ دوای گرتنی کابول). لە بەرانبەر هەولی ئێران بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە ئەفغانستان دا، لافاوی ڕیالە سعوودییەکان رووی کردە پاکستان‌و ئەفغانستان( بۆ پشتیوانی لە تالیبان‌و برەو پێدانی بۆچوونی دژی شیعە) و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ڕادەی ناکۆکی‌و دوژمنایەتیی قۆلە ناکۆکەکان زیاتر بوو.

حاکمانی ئێران نایانەوی دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە سیاسەتەکانیان سەبارەت بە ئەفغانستان نە لە ڕوانگەی ڕیوشوێنە ئینسانییەکان‌و بەرژەوەندە هاوبەشەکانی دوو میللەت بەلکوو، تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندە ئیدئۆلۆژییەکان‌و بەرژەوەندەکانی کەمایەتیی شیعەوە دارشتوە. سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە هەروا درێژەیان بە سیاسەتە هەلەکانی خۆیان لە سالەکانی دوای بە دەسەلات گەیشتنی تالیبان دا داوە‌و تەنیا سەبارەت بە شیعەکان حەساسییەتیان لە خۆیان نیشان داوە. هەزاران جینایەتی تالیبان( بۆ وێنە ئێعدامی دوکتور نەجیب و براکەی لە کابول و کوشتاری هەزاران بێ تاوانی دیکە) لە لایەن ئێرانەوە پشت گوێ خران. بەلام گیرانی مەزار شەریف و چۆل کردنی ئەو شارە لە لایەن حیزبی وەحدەتەوە، زۆر بە لای وانەوە گران بووو جارێکی دیکە بە دروشمی پشتیوانی لە خەلکی مەزلوومی ئەفغانستان گوێی جیهانییان پڕ کردەوەو دەستیان بە هات و هاوار کرد.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان سالەکانی ١٩٩٦ ـ ١٩٧٩ دا سیاسەتە مەزنیخوازانەکانی خۆی درێژە پێداوەو زۆر جار دەرەتانی لەباری بۆ یارمەتیدان بە یەکگرتن و پێکهاتنی هاوبەندییەکی لەبار لەنێو تاقمە جیهادییەکانی ئەفغانستان دا لە دەست داوە. کۆماری ئیسلامی تەنانەت توانای لێکدانەوەی سیستمی عەشیرەیی و، ئابووریی شوانکارەیی ئەفغانستانی نەبوە کە کەمایەتییەک بە بێ پشتیوانی، تەنانەت ئەگەر لە مەیدانی شەڕیش دا سەرکەوی، ناتوانی درێژە بە حاکمییەتی خۆی بدا.

کۆماری ئیسلامی کە ئەمڕۆ بەردی کۆژرانی چەندین ئەفغانیی بێ تاوان لە سنگ دەدا( کە دیارە خەلکی دنیاش لیی بەداخن و هیوادارن کە دوایین کارەساتی ئەفغانییەکان بێ) لە ئاست کوژرانی هەزاران دانیشتووی کابول لە سالەکانی ٩٥ ـ ٩٢ دا چ ولامێکی هەیە؟ ئەگەر ئێستا نیگەرانی دامەزراوە نیزامی‌و ئوردووگاکانی تالیبان‌و "بن لادن"ەو بەهەلتەکانی ژێرخانی ئابووریی ئەفغانستانی دەزانێ! ئایا دان بەوەدا دەنێ کە هیچ نەخشێکی لە پێکهاتنی وێرانەیەکی گەورە بە ناوی کابول ـ بەر لە هێرشەکانی ئەم دواییانە ـ دا هەبێ؟!

کۆماری ئیسلامی بە درێژەدانی ئەو سیاسەتانە ناتوانی حاشا لە نەخش‌و بەرپرسیارەتیی خۆی لە ئاست وێرانییەکان‌و سەقامگیر بوونی تالیبان لە ئەفغانستان دا بکا‌و هەروەک ئێستاش نەیتوانیوە بیجگە لە ئاژاوەگێڕان سیاسەتێکی ژیرانە کە پشت ئەستوور بێ بە لێکدانەوەیەکی ورد سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئەفغانستان‌و داهاتووی ئەو ولاتە بگرێتە بەر.

***

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سوئێد

### پێک هێنانی سیمیناری تەشکیلاتی

کومیتەی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٤ کۆبوونەوەیەکی سیاسی ـ تەشکیلاتیی بەبەشداریی بەرپرسانی کومیتەی شارەکان لە سەرتاسەری سوئێدو هێندێک لە کادرەکانی حیزب لەو وڵاتە لە شاری ویستروس پێک هێنا.

کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی بە ڕاگرتنی یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێ‌کرد. پاشان لەلایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سوئێد کاک حەسەن قارەمانی بەخێرهاتنی ئەندامان کراو وتارێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی پێشکەش بە بەشداران کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری هاوڕێی بەرپرس هاتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو هاوڕێیانی بەشدار چالاکانە لە باسەکان دا بەشدارییان کرد.

شایانی باسە کە کومیتەی حیزب داوای لە کومیتە فەرعییەکانی حیزب لەو وڵات کرد کە بۆ دەوڵەمەندکردنی سایت (ماڵپەڕ)ی کومیتە هاوکاری بکەنو بابەتەکانی خۆیان بۆ ئەو سایتە ڕەوانە بکەن.

### ڕێزگرتن لە یادی زیندانییە شەهیدەکان

ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٦ی زایینی (١٣٨/٧/١٤ی هەتاوی) کۆمیتەیەک پێکهاتوو لە چەند حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیەکانی کورد، فارسو ئازەری لە شاری "مالمۆ"ی سوئێد ڕێورەسمێکی بۆ ڕێز گرتن لە یادو بیرەوەریی ئەو زیندانییە سیاسییانەی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا شەهید کران، پێک هێنا.

لەو ڕێورەسمەدا بەڕێزان دوکتور حسین باقرزادە، دوکتور حسین خەلیقی، عیففەت ماهباز، فەریبا سابتو ئەمری پوور قسەیان کرد. ئەم بەڕێزانە لە وتەکانیان دا ئاماژەیان بە هەڵوێستو کردەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ نارازییە سیاسییەکان، کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکانو تیرۆری ڕێبەرانو کەسایەتیە سیاسییەکانو هەروەها فتوای خومەینی دژی خەڵکی کوردستانو کوشتاری خەڵکی ئاواییەکانی قارنێو قەڵاتانو. . . لە کوردستان دا کردو بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی هێندێک ڕاستییان هێنایە بەرباس.

### دیدار لەگەڵ مورگان یوهانسۆن

ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٠٠١/١٠/١٦ی زایینی هاوڕێ حەسەن قارەمانی بەرپرسی کۆمیتەو پەیوەندییەکانی حیزب لە سوئید لە گەڵ بەڕێز مورگان یوهانسۆن Morgan Johanssonon، ئەندامی پارلمان و هەروەها ئەندامی کۆمیسیونی دەرەوەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئید لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا دیداری کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا بە تایبەت باس لە سەر ئەوە کرا کە بە سەرنجدان بەو کاریگەرییەی کە مەسەلەی کورد لە سەر وەزعی ئێران بە گشتی و بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی هەیەتی، بەو حاڵەش لە لایەن پارلمانی سوئیدەوە بایەخی پێویستی نەدراوەتێ. بۆیە دەبێ پارلمانی سوئێد مەسەلەی کورد وەك کێشەیەکی گرنگ بخاتە بەرباس و هەوڵ بدا ڕێگا چارەی بۆ ببینێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی کە لەم چاوپێکەوتنەدا کەوتە بەر باس، مەسەلەی دەست لە کار کێشانەوەی نوینەرانی ئوستانی کوردستان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا بوو. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە سەر تیئوریی وتووێژی شارستانەتەکان کرا کە لە لایەن خاتەمییەوە هاتۆتە گوڕێ. لەم پێوەندییەدا ئاماژە بەو ڕاستییەش کرا کە لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ دیالوگ و وتووێژ لە گەل گەلانی ئێران دا بکا، چۆن دەکرێ هیوامان بە دیالوگی ئەم ڕێژیمە لە گەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان و ڕێزگرتنی بیروڕای ئەوان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە هەبێ.

هەروەها لەم چاوپێکەتنەدا وێڕای باس لە سەر چونیەتیی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران و سەرکوتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا، لیستێك لە نێوی ئەوانەی بوونەتە قوربانیی کردەوە تیروریستییەکانی کۆماری ئیسلامی درا بە بەڕێز یوهانسون.

## سویس

### چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتێکی PSK

ڕۆژی شەممۆ ٢٠٠١/١٠/٦ی زایینی بەرانبەری ١٣٨٠/٧/١٤ی هەتاوی هەیئەتێك بە نوێنەرایەتیی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سویس لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە (PSK) لە سویس، دیدارو چاوپێکەوتنی کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا پێوەندییەکانی نێوان دوو حیزبو شێوەی هاوکاریی زیاتری نێوان هەر دوولاو هەروەها باروودۆخی گشتیی جیهانو ناوچەکەو ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کەوتنە بەرباسو تاوتوێ کران. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا لە سەر شێوەی هاوکارییەکانی نێوان دوو حیزب لە داهاتوودا و چاوپێکەوتنی بەوەخت، دووبارە تەئکید کرایەوە.

## فینلاند

### چاوپێکەوتنی هاوبەش لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیونی سیاسەتەکانی دەرەوەی پارلمانی فینلاند

ڕۆژی پێنج شەممۆ ٢٠٠١/١٠/١١ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٨٠/٧/١٩ی هەتاوی نوێنەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند لە چوارچێوەی هەیئەتێکی هاوبەشدا، بە مەبەستی باس کردن لە پێکهێنانی کۆنفرانسێك لە سەر مەسەلەی کورد سەردانی پارلمانی فینلاندیان کرد. لەو سەردانەدا چاویان بە خاتوو "تێن لیسایاکۆنساری"بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسەتەکانی دەرەوەی پارلەمانی فینلاند، "رایلی لاهنالامپی" ڕاوێژکاری کۆمیسیونی ناوبراو یاریدەدەری پێشووی سەرۆکی کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو خاتوو "ریا فریپموت" ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی نێونەتەوەیی لە پارلمانی فینلاند کەوت.

لەو دیدارو دانیشتنەدا کە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند باس لە کێشەی کوردو هەڵوێستی هێزە کوردستانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ تیروریزمی جیهانی و ڕووداوە تیروریستییەکانی ئەم دوایانەی کوردستانی عێراق کرا.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا خاتوو لیسایا کۆنساری بەڵێنیدا کە پێشنیاری نوێنەرانی ئەم سێ هێزە کوردستانییە لەگەڵ کۆمیسیونی مافی مرۆڤی پارلمانی فینلاندا بێنێتە گۆڕێو هەوڵی جێبەجێ بوونی بدا.

# تیرۆریزم هەرەشەیەکی دژی مرۆڤایەتی

فەرهاد

تیرۆر یەکیکە لە شیوەکانی توندوتیژی کە پیوەندیی بە دەسەلاتی سیاسییەوە هەیە، چ بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات، چ بۆ نارەزایی دەربرینو لە نیو بردنی دەسەلاتیك، چ بۆ پاراستنو دریژەدان بەو دەسەلاتەی کە لە سەر کارە، هەر چەند پیویست نیە ئیمە تیرۆر لە مانا سروشتییەکەی جیا بکەینەوە، چونکە تیرۆر تەنانەت ئەگەر مەبەستیکی سیاسییشی لە پشتەوە نەبیّ، دیسان بە جۆریك لەگەلّ کیشەی دەسەلات گریّ دەدریتەوە.

پەرەگرتنو بلاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆر، لە ئاستی جیهانی دا، هەر چەند وەك راستییەکی حاشا هەلنەگر خۆی دەنوینیّ، بەلام ئەمە بەو مانایە نیە کە تیرۆر شتیکی قانوونی، پیویستو نەگۆرە، ئەگەر ئیمە شاهیدی بەردەوامیو گیان سەختیی گشت شیوەکانی تیرۆرین، دەبیّ پیش لە هەموو شتیك لەو سیستمە بکۆلینەوە کە لە سوورەکانی دا تیرۆر بەرهەم دینیتەوە. شیوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر وەك تیرۆری جەستەیی، رۆحی، ئەشکەنجە، سەرکوت، تۆلە ئەستاندنەوە، بارمتەگرتن، فرۆکە رفاندن، کەلك وەرگرتن لە گازی ژاراویو پیکهینانی ترسو وەحشەت لە نیو خەلك داو. . . لەو شیوە تیرۆرانەن کە زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان کەلکیان لی وەردەگیریّ.

ئەگەر بۆ رەگوریشەی میژووی تیرۆریزمو بارمتەگرتن بگەریین، سەرچاوەی ئەو دیاردە سیاسی ـ کۆمەلایەتییە بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان دەگەریتەوەو هەر لە کۆنەوە لە لایەن ئەفرادو دەستەو تاقمی جۆراوجۆر، بۆ زەبر لیدان لە نەیاران لەو چەکە کەلك وەرگیراوەو وەردەگیریّ.

بۆ ناسینی باشتری دیاردەی تیرۆر سەرەتا پیویستە ئەو دیاردەیە لە روانگەی زانستە سیاسییەکانەوە، لیك بدەینەوەو بزانین تیرۆر چیەو ریشەکەی بۆکویّ دەگەریتەوە.

### تیرۆرو تیرۆریزم Terroreism

ریشەی وشەی لاتینیی (ere) Terr بە مانای هەست کردن بە ترسەو تیرۆریزم واتە باوەر هەبوون بە پیویستیی مرۆڤکوژی، هەرەشە، پیکهینانی ترسو تۆقاندن لە نیو خەلك دا، بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانو یا رووخاندنی حکوومەتو بە دەستەوەگرتنی کاروباری دەولەت یا سپاردنی دەسەلات بە دەستی ئەو دەستەو تاقمانە کە بە لای تیرۆریستەکانەوە جیگای پەسەندن. ئەم بۆچوونەش وەك ئامرازیکی سەرەکی لە نیو فاشیزم، ماکیاویلیزمو ریبازو ریچکە هاوشیوەکانیان دا باوە.

تیرۆریزم دیاردەیەکی دژی هیمنیو ئاسایشی دەولەتانە. هەروەها دەکریّ بە هەرەشە یان کەلك وەرگرتن لە تیرۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان، لە لایەن تاقمو دەستە جیاوازەکانەوە، پیناسەی بکەین کە جگە لەم ئامرازە هیچ ئامرازیکی سیاسیی رەسمیی دیکەیان بەدەستەوە نیە. تیرۆریزم بەومانایە گرینگیی تایبەتی لە نیو ولاتانی جیهان دا پەیدا دەکا.

### قۆناغەکانی سەرهەلدانی تیرۆریزم

لە سەر شوینو کاتی پەیدا بوونو گەشەکردنی تیرۆریزمو دیاریکردنی قۆناغە میژووییەکانی ئەو دیاردەیە، زۆر بیرورای جیاواز دەبینرین. بەلام هیشتا هیچکام لە روانگە میژوویییەکان نەیانتوانیوە تیئۆرییەکی گشتی بۆ پیناسە کردنی هۆکارەکانی تیرۆریزم دابریژن، بۆیە لیکۆلینەوەو ئاگاداری لە قۆناغە میژوویییەکان، تەنیا دەتوانیّ لە ناسینی دیاردەی تیرۆریزم دا یارمەتیمان بدا.

بەگشتی قۆناغە میژوویییەکانی سەرهەلدانی تیرۆریزم بریتین لە:

١ـ قۆناغی پیش میژوو تا سەدەی هەژدەهەم کە زیاتر بریتین لەو تیرۆرانەی کە بە شیوەی تاکەکەسی لە سەردەمی کۆمارە کۆنەکانی یونانو رۆم دا ئەنجام دراون. هیندیك کەس لەو رایەدان کە تیرۆر کردنی ئیمپراتور "جولیوس قەیسەر" لە سالی ٤٢ی پیش زایین، نموونەیەکە لە نموونەکانی تیرۆرو هیچ جیاوازییەکی لەگەلّ تیرۆر کردنی سەرۆکی دەولەتیك لەم سەردەمەدا نیە. یەکیکی دیکە لە نموونە بەرچاوەکانی تیرۆریزم لەم قۆناغەدا، تیرۆرە بە بەرنامەو ریکخراوەکانی تاقمی ئیسماعیلیە، واتە دارودەستەکەی حەسەنی سەبباحە کە پەیرەوی شیعەی حەوت ئیمامی بوونو لە تیرۆر وەك ئامرازیك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان کەلکیان وەردەگرتو تیرۆرەکانیشیان بە فتوای ئایینی ئەنجام دەدان. ئەمەش جیاوازییەکی زەقی ئەم قۆناغە لەگەلّ قۆناغی پاش خۆیەتی کە قوربانییەکان بە تاوانبار دەناسران.

٢ـ قۆناغی دووهەم بریتییە لەو تیرۆرانەی کە لە سەدەی نۆزدەو لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە ئورووپاو ئەمریکا ئەنجام دران، لەم قۆناغەدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوارگەی نویی تیرۆر بوو، ریکخراوی تیرۆریستیی (کوکلاکس کلان)، لەم سەردەمەدا واتە لە سالی ١٨٥٦ دابوو کە سەری هەلّ دا. ئامانجی سەرەکیی ریکخراوی ناوبراو توقاندنی رەش پیستە کۆچەرەکانو دژایەتیکردنی مافە شارستانی (مەدەنی)یەکانیان بوو.

لە دوو دەیەی دوایی سەدەی نۆزدەهەم دا، هەلویستەکانی تاقمە تیرۆریستەکان زۆر توندتر بوونو گەیشتنە ئاستی بە پیرۆز زانینی دیاردەی تیرۆر. تیرۆرکردنی ئەلیکساندری دووهەم، قەیسەری رووسیە لە سالی ١٨٨١، تیرۆری سەرکۆماری ئەمریکا، جیمس. ئا. گافیلر لەو سالەدا، تیرۆری سەرۆك وەزیری ئیرلەند، (لۆرد فردریك کافندش) لە سالی ١٨٨٢، سەرۆك کۆماری فەرانسە (سانی کارنۆ) لە سالی ١٨٨٤، تیرۆری پاشای ئیتالیا لە سالی ١٩٠٠دا، هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا تیرۆری سەرکۆماری ئەمریکا (ولیام ماکنلی) لە سالی ١٩٠١، سەرۆك وەزیری رووسیە (پیتیر ستولین)، لە سالی ١٩٩١و هەروەها سەرۆك وەزیری ئیسپانیا (جوس کاتالیس) لە سالی ١٩١٢داو . . . بەشیکن لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو سەردەمە.

هەرچەندە ئەو کردەوە تیرۆریستییانە نەبوونە هۆی پیکهاتنی گۆرانکاریی ریشەیی لە ژیانی سیاسی، ئابووریو کۆمەلایەتی لە ئورووپادا، بەلام تەئسیری گەورەیان داناو بە هۆی تیرۆری (دوق فزاز ـ فیردنیاند)و ژنەکەی لە سارایێڤۆ لە سالی ١٩١٤دا شەریکی جیهانی هەلّ گیرسا.

٣ـ قۆناغی سیهەم، لە شەری دووهەمی جیهانییەوە دەست پیّ دەکا، تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە کارە تیرۆریستییەکانی ئەم قۆناغە لە لایەن گرووپو ریکخراوی سەر بە ریبازە فیکرییە جیاوازەکانی وەك: چەپەکان، جوولانەوە ناسیونالیستییەکانو بونیادگەرا ئیسلامییەکانەوە بەریوە چوون. بەلام رەوتە بونیادگەراکان بە تایبەت لە دوایین دەیەی سەدەی بیست دا، بە هەموو شوینیکی دنیا دا بلاوبوونەوە. شایانی باسە کە تیرۆریزمی گرووپە ئیسلامییەکان پتر لە هەشتاکان دا سەری هەلّ دا کە باوەریان بە شەرکردن لەگەلّ ئەو کەسانەیە کە هاوکاریی ریژیمە لائیکەکان دەکەن. دیارە دەبیّ ئاماژە بەوەش بکەین کە تیرۆری سیاسی لە ژیر پەردەی ئایین دا تەنیا تایبەتی ئایینی ئیسلام نیەو گشت ئایینەکانی وەك: بوودایی، هیندوو، جوولەکە، مەسیحییش دەگریتەوە[ کە لەوان دا لە هەر دوو شیوەی تیرۆر واتە هەم تیرۆری دەولەتی (تیرۆر لە سەرەوە)و هەم (تیرۆر لە خوارەوە) واتە کارە تیرۆریستییەکانی گرووپە ئایینییەکان دەگریتەوە، دەبیّ ئەوەشمان لەبیر نەچیّ کە هۆکارەکانی پەنابردنە بەر تیرۆر لەو ئایینانەدا زۆر لە یەك جیاوازنو کەمتر وەك یەك دەچن].

### جۆرەکانی تیرۆر

هەروەك لە سەرەوە باسکرا، دیاردەی تیرۆر بە سەر دوو شیوەی سەرەکی دا دابەش دەکریّ کە بریتین لە: یەکەم: تیرۆری دەولەتی (تیرۆر لە سەرەوە). بەو جۆرە تیرۆرانە دەگوتریّ کە لە لایەن دەولەتیکەوە دژی کەسیك یا کەسانیك یا دەولەتیکی دیکە ئەنجام دەدریّ، یەکیك لە نموونە میژوویییەکانی تیرۆریزمی دەولەتی شۆرشی مەزنی فەرانسەیە، کە لە سەرەتا لە پیاو ماقوولانو نەیارانی شۆرشەوە دەستی پیّ کرد، بەلام دواتر ئەو چەکە واتە تیرۆر لە دژی هەزاران کەس لە هاوولاتانی فەرانسەویی بە کار هینرا، لەوکاتەوە دەولەتەکان لە تیرۆر وەك ئامرازیك بۆ لەنیوبردنی نەیارانی خۆیان کەلکیان وەرگرتوە، هەروەها ریژیمە توتالیتارەکانی دیکەی وەك نازییەکانی ئالمان، پۆلیسی نهینیی رووسیە لە سەردەمی دەسەلاتدارەتیی ئیستالین دا دەولەتی ئیسرائیلو کۆماری ئیسلامیی ئیرانو. . . لە تیرۆری ←

دەولەتی واتە تیرۆری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، نەژادی، فەرهەنگیو بەبێ گویدان بە بەهاونەریتە ئینسانیەکان کەلکیان وەرگرتووەو ئیستاش کەلک وەردەگرن.

بەکۆتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانیو بە دەست پێکردنی شەری سارد، هەر دوو بەرەی سەرمایەداریو کومونیستی هەولیان دا کە لە ژێر پەردەداو بە شێوەیەك لە شێوەکانی کاری تیرۆریستیو لە ریگای بەکارهێنانی تیرۆریستانەوە، ململانیی نیوانیان یەکلا بکەنەوە، بۆیە لەو هەلومەرجەداو لە سایەی ئەو دوو بەرەیەدا کردەوە تیرۆریستییەکان بە شێوەیەکی بەربلاو پەرەیان سەندو بەمجۆرە ریگە بۆ گەشەکردنو بلاوبوونەوەی تیرۆری دەولەتی خۆش کراو ئیمکاناتیکی لۆژیستیکیی باشیان بۆ تەرخان کرد. لە ئاکامی ململانیی ئەم دوو لایەنەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانیان، سەرەرای تیرۆریزمی ریکخراوی دەولەتی، زۆر باندو تاقمی سەر بەو دوو لایەنەو تەنانەت سەربەخۆش سەریان هەلدا کە بە هەزاران کەس لە کەسایەتییە ئازادیخوازەکانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو ریکخراوە رزگاریخوازو پیشکەوتووەکانیان تیرۆر کردنو سامانیکی یەکجار زۆری مادیو مەعنەویی گەلانی جیهانیان بە فیرۆدا.

ئەگەر ئیمە لیرەدا بەراوردیك لە نیوان تیرۆریزمی دەولەتیو تیرۆریزم لە خوارەوەدا، واتە تیرۆریزمی تاقموگرووپە جۆراوجۆرەکان، جیاوازییەکی زۆر لە نیوان ئەو دوو شێوە تیرۆریزمەدا لە هەموو بوارەکانەوە دەبینین. یەکەم ئەوەی کە تیرۆریزمی دەولەتی توانایەکی مەزنی سیاسیو ئابووری لە پشتە. دووهەم، ژمارەیەکی زۆرتری تیرۆریستی لەبەردەست دایە. سیهەم، توانای کوشتنو لە نیوبردنی زۆر زیاترە. چوارەم، ئاکامە سیاسیو کۆمەلایەتیو دەروونییەکانیشی زۆر گەورەترن. هەروەها دەتوانین بلیین کە بوونی هیزە تیرۆریستییەکانیش بە شێوەیەك هەر بە ولاتانی تیرۆریست پەروەردەوە بەستراوەتەوەو لە هەموو بواریکەوە لەلایەن ئەو ولاتانەوە یارمەتی دەدرین.

## هۆیەکانی سەرهەلدانی تیرۆریزم

## بەتایبەت لە جیهانی نوێدا

روودانی شوڕشی سەنعەتی، سەرهەلدانی سەرمایەداریو هەروەها پەیدابوونی دیاردەی کولۆنیالیزم لە ئورووپاو رۆژئاوا بوو بە هۆی پەرەئەستاندنی داگیرکردن، دزی، تالانو چەوساندنەوەی ولاتانی ئاسیاییو ئافریقاییو جیهانی بەسەر بەرەی سونەتیو مۆدیرن دا دابەش کرد. ئەوەش ریگەی بۆ ململانییەکی قوولو هەمەلایەنە لە نیو کۆمەلگا، گرووپو هیزە سیاسییەکانی جیهان دا خۆش کرد کە دیاردەی جیهانی بوون یەکیك لە بەرهەمەکانی ئەو ململانیّیەیە.

یەکیکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدیرن ئەوەیە کە بەدیدیکی ریژەیییەوە سەیری بایەخەکان دەکاو ئەمەش بۆتە مایەی سست بوونی بناخەی بایەخەکانی قەومو میللەتان لە سەرانسەری دنیادا. ئەم روانگە نوییەش، دژ کردەوەی زۆر توندی تیرۆریستی بەدواوە بووەو کۆمەلیك کیشەی فیکریو دەروونیی لە نیو جیهانی سیهەم دا پیك هیناون کە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مەیلکردنی ئەندامانی سەر بە چینە ناوئجییەکان بۆ لای رەوتە توندرەوەکانە.

هەروەها کیشەیەکی دیکە کە تایبەتە بە ولاتانی جیهانی سیهەم، گەشەکردنی ناهاوسەنگی جیهانە کە سامان، دەسەلات، تەنانەت ئازادی لە بەشیك لە جیهان دا کۆکردۆتەوەو بەشیکی بەرینی دیکەی لە خەلکی جیهان لە ئیمکاناتە مادیو مەعنەوییەکانی ژیان بێبەری کردوە. ئەم ناهاوسەنگییەش کیشەی دەروونیو رقو توورەیی لە نیو خەلکی دنیای سیهەم دا پیك هیناوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە ریگەی بۆ پەرەسەندنی دیاردەی تیرۆریزم خۆش کردوە، بریتییە لە بریندار بوونی هەستی نیشتمانپەروەریو نەتەوایەتیی گەلانی بن دەستو ئەو کەسانە کە سووکایەتی بە هەستی ناسیۆنالیستییان کراوەو هەروەها دەتوانین بلیین کە دیاردەی تیرۆریزم لە نیو تاقمە ئایینیو مەزهەبییەکانیش بۆ ئەو تەفسیرە تایبەتییانە دەگەرێتەوە کە لە ئایینو مەزهەب دەکرین.

## هەولە نیونەتەوەیی‌یەکان بۆ

## بەرپەرچدانەوەی تیرۆر

کۆمەلگای نیودەولەتی لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەستی بە مەترسیی تیرۆری نیودەولەتی کردوەو هەولی قەلاچۆو سنووردارکردنی هیندیك لە لایەنەکانی ئەو دیاردەیەی داوە، لەو کاتەوە بوو کە گرنگیی لیکۆلینەوە لە هۆیەکانی تیرۆریزمو ئاکامەکانو شێوەکانی بەرەبەرکانیی لەگەل دیاردەی تیرۆریزم، پتر هەستی پێکرا. بەلام لە سەرەتای شەستەکان بەم لاوە بوو کە کۆمەلیك ریککەوتننامەی ناوچەییو نیودەولەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەل مەترسییەکانی تیرۆر پەسند کران. لە یەکیك لە بەندە پەسندکراوەکانی کاری سالانەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سالی ۱۹۷۳دا هاتوە کە "هەرچەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئاستی نیودەولەتیدا کە گیانی ئینسانەکان بخاتە مەترسییەوەو هەرەشە لە ئازادییە بنچینەیی‌یەکانی ئەوان بکاو ببیتە هۆی قوربانیبوونی خەلکی مەدەنیو تەنانەت تیرۆریستەکانیش، کاریکی نارەواو قەدەغەیە."

ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لە هەولەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پیناوی نەهیشتنی تیرۆردا:

۱ ـ ریککەوتننامەی ئورووپایی دژی تیرۆر لە سالی ۱۹۵۹ بۆ گەر اندنەوەی تاوانباران،

۲ ـ پەسندکردنی دوو ریککەوتننامە بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوانەکانی ناو فرۆکەکان، فرۆکەرفاندنو دروستکردنی مەترسی لەسەر فرینی فرۆکە مەدەنییەکان،

۳ ـ پەسندکردنی ریککەوتننامەیەك بۆ پاراستنی گیانی دیپلۆماتە ناسراوەکان،

٤ ـ ریککەوتننامەی ئورووپایی سالی ۱۹۷۶ بۆ سەرکوتکردنی تیرۆر،

۵ ـ ریککەوتننامەی ناوچەیی نیوان ئەمریکاو کانادا بۆ گەر اندنەوەی تاوانبارانی رفاندنی فرۆکەو پاپۆر و تاوانی دی،

٦ ـ بر یارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سالی ۱۹۹۲دا،

۷ ـ لەم دواییانەش دا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دوو بر یارنامەی بە ژمارەکانی ۱۳٦۸و ۱۳۷۳ی لە مانگەکانی سیپتامبرو ئۆکتۆبری سالی ۲۰۰۱دا بۆ بەرەبەرکانی دژی تیرۆریزم پەسند کردن کە لەوان دا پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە : "بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لە بەر یوەچوونی بەتەواویی ئەم بر یارنامەیە دەکرێ" ئەنجومەنی ئاسایش هەروەها لە بر یارنامەکەیدا داوای لە هەموو ولاتانی دنیا کردوە کە پشتیوانیی مالی لە تیرۆریزم وەك تاوان سەیر بکەنو ویر ای بەستنی حیسابە مالییەکانی تاقمە تیرۆریستەکان پیش بە جموجۆلی ئەو تاقمو کەسانە بگرن کە گومانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستییان لی دەکرێ.

ئەگەر چاویك بە بر یارنامەو ریککەوتننامە نیونەتەوەیی‌یەکان لە بارەی تیرۆردا بخشینینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سەرەر ای هەلگرتنی هیندیك هەنگاو لە پیناوی بنبر کردنی دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم دا، تا ئیستاش کۆر و کۆمەلە نیونەتەوەیی‌یەکانو لە سەرووی هەمووشیانەوە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەیانتوانیوە، یاسایەکی روونو گشتگیری وا لەبارەی تیرۆرەوە پەسند بکەن کە ریگا نەدا هیچ دەولەت، هیزو لایەنیك پەنابەریتە بەر هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستیو دەستدریژی بکاتە سەر گیان، مال، کەرامەتو ئازادییە ئینسانییەکانو ئاسایشو هیمنیی خەلکی مەدەنی تیك بدا. یاسایەك کە هەموان ناچار بکا کە بە هەموو توانای خۆیانەوەو بە شێوەیەکی بەردەوامو هەمە لایەنە بەرنگاری گشت جۆرەکانی تیرۆرو تیرۆریزم ببنەوە.

*سەرچاوەکان:*

۱ ـ برایەتی ـ ژمارەکانی ۳٤۹۰، ۳٤۹۲، ۳٤۹۳، ۳٤۹٤، ۳۵۰۰

۲ ـ گۆڤاری گولان ـ ژمارەکانی ۱۵۰و ۳۳۵، ۳۵۰

۳ ـ کوردستان (ریبەرایەتیی شۆر شگیر) ژمارە ۱۲، گەلاویژی ٦۸

٤ ـ گۆڤاری "پیوند"، ژمارە ۵، سالی ۱۳۷۸

۵ ـ فرهنگ علوم سیاسی، جلد اول، غلامرضا علی بابایی

٦ ـ رادیۆ ئازادی، وتوویژی دوکتور رەسوول نەفیسی

۷ ـ ئینترنیت

۸ ـ کتیبی جامعە شناسی، آنتونی گیدنز، تروریسم ص ۳۹۹

# هەڵبژاردەی هەواڵەکانی ئیران و جیهان

## داوای (F.B.I) لە ٩ وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی

رۆژی یەک شەممۆ ١ی رەزبەری ١٣٨٠ هەواڵدەریی فەرانسە رای گەیاند پۆلیسی فیدرالی ئەمریکا (F.B.I) داوای لە ٩ وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی کردوە سەدان کەس کە گومانیان لی دەکرێ سەربە ریکخراوە تیرۆریستەکان بن، تەحویلی ئەمریکا بدەن. ئەم هەواڵدەرییە لە زمان حەوتوونامەی "المحرر"ەوە (چاپی پاریس و بەیرووت) دەڵێ : F.B.I لە ئەفغانستان، ئیران، میسر، لوبنان، مالیزی، عەربستانی سعوودی، سووریە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و یەمەن کردوە یا ئەو گومانلیکراوانە تەحویل بدەن یا چاوەروانی ئاکامەکانی خۆبواردن لەم کارە بکەن. حەوتوونامەی ناوبراو لە راپۆرتەکەی خۆیدا پشتی بە وتەی دیپلۆماتە ئوورووپاییەکانی نیشتەجیی فەرانسە بەستوە.

بە پیی راپۆرتی "المحرر" ئەو لیستەیەی F.B.I داویەتی بە سووریە بریتییە لە ناوی ١٠٠ کەس کە سەربە تاقمە توندرەوە فەلستینییەکانن لە حالیک دا ئەو پیرستە ٤٠ کەسییەی داویە بە لوبنان ئاماژە بەو کەسانە دەکا کە لە دەیەی ١٩٧٠وە گومانی ئەوەیان لی دەکرێ تیرۆریست بن.

هەر بە پیی ئەم راپۆرتە لەو پیرستەی دا کە دراوەتە ئیران ئاماژە بە ناوی ٤٠ کەس کراوە کە لە سالی ١٩٧٩وە پیوشوینیان هەڵ دەگیرێ.

بە پیی راپۆرتی حەوتوونامەی باسکراو داوا لە فیلیپینیش کراوە کە ئەو سێ هاووڵاتییەی عومان کە لە کاتی وینە هەڵگرتنەوە لە باڵویزخانەی ئەمریکا لە مانیل، گیراون، تەحویلی ئەمریکا بدا.

F.B.I هەروەها لە رووسیە و حەوت وڵاتی رۆژئاوایی ویستوە سەبارەت بە ژمارەیەکی نادیار لەو کەسانەی کە گومان دەکرێ پیوەندییان لەگەڵ "بن لادن" دا هەبێ، لیکۆڵینەوە بکەن.

## سەردانی وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە تاران

رۆژی ٢ی رەزبەری ئەمساڵ جاک ئیستراو وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بە مەبەستی چاوپیکەوتن لەگەڵ ریبەرانی کۆماری ئیسلامی گەیشتە تاران. بە پیی قسەی سەرچاوە ئاگادارەکان ناوبراو هەڵگری پەیامیک ( کە لەودا داوا لە ریبەرانی کۆماری ئیسلامی کراوە بچنە ناو هاوبەندیی جیهانیی دژی تیرۆریسمەوە) بوو کە ریبەرانی ئەمریکا بۆ ریبەرانی ئیرانیان ناردبوو. لەو سەردانەدا ئیستراو چاوی کەوت بە سەید محەمەد خاتەمی سەرۆک کۆمارو کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئیران و داوای لی کردن کە بە پیوەست بوون بە هاوبەندیی جیهانیی دژی تیرۆریسم لاپەرەیەکی نوێ لە پیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی دا بکەنەوە.

شیاوی وەبیرهینانەوەیە کەئەم سەردانە یەکەم سەردانی بەرپرسیکی پایەبەرزی بریتانیاییە لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی.

بەڵام سەردانەکەی جاک ئیستراو دەسکەوتیکی ئەوتۆی نەبوو ریبەرانی کۆماری ئیسلامی ئیران رایان گەیاند کە ئامادە نین لە هاوبەندیی جیهانیی دژی تیرۆر بە ریبەرایەتی ئەمریکا بەشداری بکەن.

## بریارنامەی شوورای ئەمنییەت بۆ برینی سەرچاوەی مالی و سیاسییەکانی ریکخراوە تیرۆریستییەکان

رۆژی هەینی ٦ی رەزبەری ١٣٨٠ شوورای ئەمنییەتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە تیکرای دەنگ بریارنامەیەکی پەسند کرد کە لەودا داوای لە ئەندامانی ئەو ریکخراوە کردوە تا دەست بەسەر سەرچاوە مالییەکانی گومانلیکراوان و تاقمە تیرۆریستییەکان دا بگرن و پشتیوانە سیاسی و نیزامییەکانیان لەنیو بەرن.

رایەلکەی تلویزیونیی C.N.N ویرای راگەیاندنی ئەم هەواڵە لە زمان جیری گرینستاگ نوینەری هەمیشەیی ئینگلیس لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: لەو بریارنامەیەدا ناوی گومانلیکراوان یا وڵاتانیک کە بە شیوەیەک لایەنگری لە تیرۆریسم دەکەن، نەهاتووە و پیناسەی تیرۆریزمیش نەکراوە.

هەروەهالەو بریارنامەیەدا داوا لە وڵاتانی ئەندامی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە بە هاوکاریی یەکدی ریشەی تیرۆریسم لە جیهان دا وشک بکەن.

گرینستاگ ویرای ئاماژە کردن بە پیکهاتنی کومیتەیەک بۆ چاوەدیریی بەریوەچوونی ئەم بریارنامەیە رای گەیاند: بۆ ئەوەی کە نیوەرۆکی ئەم بر یارنامەیە بەریوە بچێ، دەبێ لە هەموو میکانیزمیک بۆ بەریوەبردنی نیوەرۆکی بریارنامەکە کەڵک وەرگیرێ.

## گیرانی ژمارەیەک لە لاوان

سەر لە ئیوارەی رۆژی هەینی ٦ی رەزبەر بە دوای سەرکەوتنی تیمی میللیی فووتبالی ئیران بە سەر تیمی میللیی فووتبالی عیراق دا لە یاریگەی ئازادیی تاران، هەزاران کەس لە لاوان بە مەبەستی نیشاندانی شادیی خۆیان لەو سەرکەوتنە، رژانە سەر شەقامەکانی دەوروبەری یاریگەکە، هیزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی ریژیم کە بۆ بەرگرتن لە تەشەنەی حەرەکەتی لاوان نیردرابوونە ئەم شوینانە، دەستیان کرد بە سەرکوتی لاوان و بە کەڵک وەرگرتن لە گازی فرمیسکهینەرو باتۆم و چەکی سارد بڵاوەیان پیکردن. بە پیی راپۆرتەکان لە جەرەیانی ئەم رووداوەدا ٤٠٠ کەس لە لاوەکان بە هۆی هیزە ئینتیزامییەکانەوە گیراون و وابریارە بەم زووانە موحاکەمە بکرین.

## ریزگرتنی خامەنەیی لە تیکۆشانی شوورای نیگابان

خامەنەیی بە بەشداربوون لەو کۆبوونەوەیە کە لە رۆژی ١١ی رەزبەری ئەمساڵ دا بە بۆنەی دەسپیکردنی دەورەی نویی تیکۆشانی شوورای نیگابانەوە پیک هاتبوو، ویرای ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە کە ئەو بە "گرنگیی سەرەکی"ی ئەم شوورایەی لەقەلەم دا، روونی کردەوە: " شوورای نیگابان ناسنامەی سەرەکیی ریژیم و بوون و نەبوونی ئەو واتای بوون و نەبوونی ریژیمی ئیسلامیی ئیرانە". ناوبراو ویرای ئاماژە بە ئەرکی ئەم شوورایە لە پیوەندی لەگەڵ پیوانەکردنی پەسند کراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە شەرع و قانوونی ئەساسی، تەئکیدی کرد کە شوورای نیگابان پیویستە لەم بارەیەوە بە بەردەوامی بۆچوونەکانی خۆی زانایانە [!]، مەنتیقی [! ]، روون و ئازایانە [!] بینیتە گۆرێ.

## مەجلیس پیوشوینی دزی ( اختلاس) لە چوار بانک دا هەڵ دەگرێ

عەلی ئەکبەری مووسەویی خوئەینی ئەندامی کومیسیونی سەنایع و کانزاکانی مەجلیس لە وتوویژیک لەگەڵ هەواڵنیران دا باسی لە دزی کران لە بانکەکانی "سپە"، "ملی"،"صادرات"و "ملت"کرد. رۆژنامەی "جام جم" ویرای بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە لە ژمارە ٤٠٩ی خۆیدا لە زمان ناوبراوەوە نووسیویە: داوامان لە ئاغای مەزاهیری کردوە بۆ ریشەکیش کردنی ئەم دزییانە، بریاری بنەرەتی بدا.

مووسەویی خوئەینی لە دریژەی قسەکانیدا گوتی: هەرکات بریارمان داوە سەبارەت بە شۆرش

قسە بکەین، ڕەنگو بۆی سیاسییان لی داوەو ئیتر مەسەلەکە پیوشوینی هەڵ نەگیراوە.

## دەستپیکردنی هیرشە هەواییو مووشەکییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان

شەوی یەک شەممۆ ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٠ ئەمریکا هیرشی خۆی دژی تالیبان دەست پیکرد. بە پیی ڕاپۆرتی ڕایەلکەی ڕادیۆ ـ تلویزیونیی B.B.C ئەمریکا لە یەکەمین هیرشی خۆیدا دژی تالیبان لە هیرشی ئاسمانیو مووشەکی کروز کەلکی وەرگرتوە. جۆرج واکیر بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا چەند دەقیقە دوای دەستپیکردنی هیرشەکان لە وتاریکی تلویزیونی دا ڕای گەیاند: هیرشەکانی ئیمە بۆ سەر ئەفغانستان دژی ڕیژیی تالیبانو دامەزراوە نیزامییەکانی ئەم ڕیژیمە ئەنجام دراون.

بەپیی ڕاپۆرتە بلاوکراوەکان ئەو هیرشانە ـ تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە ـ هەروا دریژەیان هەیە.

## پیشنیاری یەکیك لە نوینەرانی کۆنگرەی ئەمریکا بۆ پیکهینانی ڕیفۆرم لە قانوونی ئەساسی ئەم وڵاتەدا

بەپیی ڕاپۆرتیك کە لە لایەن ڕایلکەی تلویزیونیی "فاکس"ەوە بلاوبۆتەوە یەکیك لە نوینەرانی کۆنگرەی ئەمریکا بە مەبەستی بەرگرتن لە پیکهاتنی بی سەرەوبەرەیی لە کاتی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە نوینەران [ی کۆنگرە]، سەبارەت بە ڕیفۆرم لە قانوونی ئەساسی دا پیشنیاریکی هیناوەتە گۆڕێ. بە پیی بۆچوونی "برایان برید" ئەگەر بە هەر هۆیەك ژمارەیەکی زۆر لە نوینەرانو یا لانیکەم یەك لە چوار (١٠٩ کەس)ی ئەوان بکوژرین، کۆنگرە دەتوانێ دریژە بە کارەکانی خۆی بدا.

## بریتانیا لە هیرشی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی پشتیوانی دەکا

بە دوای دەسپیکردنی هیرشە نیزامییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، ڕۆژی ١٨ی ڕەزبەر هەوالدەریی ئاسۆشیتد پریس لە زمان تۆنی بلیرەوە ڕای گەیاند:" ئەگەر ئەمریکا بیهەوێ هیرش بکاتە سەر وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە، لەندەن پشتیوانیی لی دەکا.

سەرۆك وەزیری ئینگلیس لە دریژەی قسەکانی دا دەڵێ: مەبەستی ئیمە تەنیا بریتییە لە پشتیوانی لە هیرش بردنە سەر ئەو وڵاتانەی پشتگیری لە تیرۆریسم دەکەن. ئیمە سەبارەت بە ئەفغانستان بەلگەی پیویستمان بە دەستەوەیەو پاش تەواو بوونی عەمەلیات لەم وڵاتەش، لە وڵاتانی دیکەدا شوین پیی ناوەندەکانی جموجۆلی تیرۆریستەکان هەڵ دەگرین.

هاوکات پولیسی ئینگلیس ئاشکرای کرد کە بلیر هەرەشەی کوشتنی لی کراوە.

## القاعده ناوی دەگۆڕێ

بە پیی ئەو ڕاپۆرتەی لە ئەفغانستانەوە بلاوبۆتەوە "اسامە بن لادن" ناوی تاقمەکەی خۆی لە "القاعده"وە گۆڕیوە بە "قاعده الجهاد". بە وتەی ڕۆژنامەی ئۆردوو زمانی ڕاوێلپیندی بە دوای تیکەلبوونی ڕەسمیی تاقمیك بە نیوی "الجهاد" بە ڕیبەریی دوکتۆر "ایمن الظواهری" کە لە یارانی نیزیکی "بن لادن"ە لە گەڵ "القاعده" بریاری ئەم ناوگۆڕینە دراوە.

## گەلالەی گونجاندنی کاروبارە پزیشکییەکان لەگەڵ ڕیوشوینە شەرعییەکان لە ئیران دا بەریوە دەچێ

بە پەسند کرانی پیڕەوەی بەریوەبردنی یاسای پیك گرتن (انطباق)ی کاروباری ئیداریو فەنیی دامەزراوە پزیشکییەکان لەگەڵ ڕیوشوینە شەرعییەکان، لە لایەن هەیئەتی وەزیرانەوە، گەلالەی باسکراو لە ناوەندەکانی ژیرچاوەدیریی وەزارەتی تەندروستی، دەرمانو فیرکردنی پزیشکی دا بەریوە دەچێ.

بە پیی ڕاپۆرتی پیوەندییە گشتییەکانی وەزارەتی تەندروستی (بهداشت) بە گویرەی ماددەکانی ٢ و ٣ی ئەو ئایین نامەیە "شووڕای بەرزی پیك گرتن" کە بە سەرۆکایەتیی وەزیری تەندروستی پیك دێ، پیویستە ڕیوشوینەکانی پیوەندیدار بە چۆنیەتیو ئاستی پیك گرتنی کاروباری فیرکردنی فیرکارانو فیرخوازان لەگەڵ یاسا، لە سەر پیشنیاری جیگری پیوەندیدار لە وەزارەتی تەندروستی داریژێ.

هەر بەپیی ئەم ڕاپۆرتە لە ماددەی ٤ی ئایین نامەی ناوبراودا ڕوون کراوەتەوە کە بەرپرسانی زانستگەو زانکۆکانی زانستە پزیشکییەکان لە سەریانە، کۆمیتەی باسکراو پیك بینن. ئەندامانی ئەو کومیتەیەش بریتی دەبن لە بەرپرسی زانستگە یا زانکۆی زانستە پزیشکییەکان وەك سەرۆکی کومیتە، جیگرەکانی زانستگەی زانستە پزیشکییەکان، بەرپرسی نیهادی نوینەرایەتیی ڕیبەر لە زانستگە، بەرپرسی ڕیکخراوی پزیشکیی شوینی زانستگە، بەرپرسی بەشی قەزایی شوینی زانستگە یا جیگری ئەوو دوو کەس لە خاوەنرایان بەپیی هەلبژاردنی سەرۆکی زانستگە، کە لانی کەم یەکیکیان ژن بێ.

بەپیی ماددەی ٥ی ئەو ئایین نامەیە دەبێ کاروبارەکانی ناسین، دەرمانو چاوەدیری لە دامەزراوە پزیشکییەکان دا بەهۆی بەریوەبەرە فەننییە هاوجینسەکان بەریوە بچن مەگەر لەو کاتانەدا کە بە هۆی "پیویستی" ئەم کارە نەگونجێ. لە "تبصره"ی ئەو ماددەیەش دا هاتوە کە "پیویستی" بە پیی ئەو ڕیوشوینانەی کە پاش پەسندی شوورا لە لایەن وەزیری بیهداشتەوە بە دامەزراوە پزیشکییەکان ڕادەگەیەندرێ، دیاری دەکرێ.

هەروەها لە ماددەی ١١ی ئەو ئایین نامەیەدا هاتوە: لە تەواوی دامەزراوە پزیشکییەکان دا کەرتی تایبەت بە ژنانو پیاوان بریتی لە بەشەکان (بخشها)، جل گۆڕگەکان (رختکنها)، پایۆنەکان، خواردنگەکان، ژوورەکانی خەواندنی نەخۆشەکانو هی وەك ئەوان پیویستە لیك جیاواز بن.

## گیرانی ژمارەیەك لە کریکارە دەرکراوەکانی یەکیك لە کارگەکانی تەوریز

هیزە ئینتیزامییەکانی ڕیژیم ٨٠ کەس لە کریکارانی کارگەی فەرش، خوریو پەتوی تەوریز کە بۆ نارەزایەتی دەربرین سەبارەت بە دەرکردنیان لە سەر کار، لە بەرامبەر "خانە کارگر"ی ئەو شارە کۆببوونەوە، گرتو ڕەوانەی زیندانیان کردن.

ئەو کریکارانە کە بە کریکاری ڕەسمیو خاوەن ڕابردوو ناسراون ،بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان لە بەریوەبەرانی کارگەکە لەو شوینە کۆببوونەوە.

شایانی وەبیر هینانەوەیە کە دەرکردنی ئەم ژمارەیە لە کریکاران، دریژەدانی سیاسەتی دەرکردنی کریکارانی ڕەسمیو خاوەن ڕابردووو، گۆڕینی ئەوانە بە کریکاری "قەراردادی" بۆ خۆدزینەوە لە دابین کردنی حوقووقو ئیمتیازەکانی کریکارە ڕەسمیو خاوەن ڕابردووەکان. ☼

**لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# "سێ دەقیقە بیدەنگی"

*نووسینی فریدریك تیسو(پزیشکی فەرانسەوی و دۆستی بزووتنەوەی کورد لە فەرانسە)*
وەرگێران: خوسرەو خانی

**دکتور فریدریک تیسو پزیشکو دۆستی بزووتنەوەی کورد لە فەرانسە، لەم دوایی‌یانەدا لە پیوەندی لەگەڵ کارەساتی دلتەزینی شارەکانی واشنگتون و نیویۆرك و هەروەها ئەو سێ دەقیقە بێ دەنگییەی کە بۆ ڕیزگرتن لە گیانی قوربانییەکانی ئەم جینایەتە نامرۆڤانەیەو هەروەها بە مەبەستی هاوپیوەندیو هاودەردی لەگەڵ کەسوکاری ئەوانو خەلکی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهان دا ڕاگیرا، نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەی بەناوبانگو بە تیراژی"لیبراسیۆن" لە ژێر ناوی"سێ دەقیقە بێدەنگی"دا نووسیبوو کە لە ژمارەی ٢٠ی سیپتامبری ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کرایەوە ئیمەش لە خوارەوە وەرگێراوەکەی دەخەینە بەرچاوی خوینەرانی بەریزی "کوردستان".**

سێ دەقیقە بیدەنگی بۆ دەربرینی هەستی هاوپیوەندیو هاودەردیم لەگەڵ قوربانییانو بنەماڵە تازییەبارەکانیانو هەروەها بۆ ریز گرتن لە تیکرای قوربانییەکانی ناعەدالەتی لە سەرانسەری جیهان دا. سێ دەقیقە بێدەنگیی کەیلی کوڵو کەسەر، کوڵو کەسەر لەو هەمووە ناعەدالەتییەی کە هەستی پێ دەکەیو زۆر وینەی سامناکی لێ دەبینی، بەڵام هیچت لە دەست نایە. سێ دەقیقە بیدەنگی بۆ ئەو پینج هەزار کوردەی کە لە شاری هەلەبجە بە گازی شیمیایی قرکران، بۆ ئەو هەزاران فەلەستینییەی کە لە سەبراو شەتیلادا بە کۆمەڵ کوژران. بۆ ئەو سەدان هەزار ئینسانەی کە لە ئەفغانستان دا کوژراون، بۆ ئەو ژنانەی کە سەرکوت دەکرینو هەروەها بۆ تیکرای ئەو گەلانەی کە لە پیناوی دابینکردنی ژیانیکی خۆش بۆ ئیمە، لە ژێر ناوی پیویستیی پاراستنی دەسەڵاتی ژئوئیستراتیژیکیی ئیمە، سەرکوتو لەت لەت دەکرین.

ئەی ئەوە نیە کە بە میلیونان ژنو پیاوو منداڵ لە ژێر ناوی ئەم بەربەرەکانییەی""خیر"، دژی "شەر" سەقەتو کەم ئەندام بوون، کوژراون، ڕاوەدوونراونو سووکایەتی‌یان پێکراوەو سەرەتایی‌ترین مافەکانیان پیشل کراون: دەبێ چەند دەقیقە بۆ ریز گرتن لەوان بیدەنگی ڕاگرین؟

سێ دەقیقە بیدەنگی بۆ گوێ گرتن لە قسەکانی سەرکۆماری هەلبژیردراوو مەسیحی، تا ڕاست لە کۆتایی ڕیورەسمیکی مەزهەبی‌دا، لە سەر شەرو تۆلەو بەرنگار بوونەوەی "چاکە لە دژی شەرو خراپە"قسە بکاو لە سەر شەریکی بەرین، دریژخایەنو ویرانکەر. سێ دەقیقە بۆ مەسعوودی میانە ڕەو کە تەنیا بۆ ماوەی سێ دەقیقە ئیجازەی چاوپیکەوتنی پێ دراو، تەنیا لە بەر ئەوەی کە قسەکانی هەق بوون، کوژرا، سێ دەقیقە[بیدەنگی]بۆ ریز گرتن لە شا مەسعوود. کە هەرگیز کەس ئامادە نەبوو گوێ بۆ قسە هەقەکانی ڕابگرێو زۆر بە دەگمەن پشتیوانیی لێ کرا. سێ دەقیقە بیدەنگی بۆ ریز گرتن لە دوکتور قاسملووی کوردو دیموکرات کە هیچ کات دیداری لەگەڵ نەکراو لەئاکام دا بە دەستی هاوتاکانی ئەوانە کوژرا کە شا مەسعوودیان کوشت. سێ دەقیقە بیدەنگی بۆ ئەوەی کە ئیمە دوکتورە فەرانسەیی‌یەکان "وەك شانازی بۆ وڵاتی فەرانسە" چاویك بە بیرەوەرییەکانمان دا بخشینینەوە، چاو خشاندنەوە بەو هەموو ناهەقی، ناعەدالەتیو سووکایەتییەی کە لە ئەفغانستان، کوردستان، سالواردۆر،لائوسو فەلەستین .. . بە چاوی خۆمان دیتوومانەو دەی بینینو لە بارەیەوە چەندین جار بابەتمان نووسیوەو پەردەمان لە سەر ئەو زۆلمو ناعەدالەتی‌یە لاداوە، بەڵام بە داخەوە نەك هەر هیچ کەس گویی بە قسەکانی ئیمە نەدا، بەلکوو هیچ چەشنە هەنگاویك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەموو زولمو ناعەدالەتیو سووکایەتی‌یە هەڵ نەگیرا. بەلێ سێ‌دەقیقە بیدەنگی بۆ نیشاندانی شەرمەزاری لەو هەموو کەمتەرخەمیو چاونووقاندنە کە لە بەرامبەر زولمو ناعەدالەتیو سووکایەتی ئەنجام درا.

لە کۆتایی دا دەبێ بلیم: قەڵاچۆ کردنی تیروریزم، هەنگاویکی زۆر پیویستە، بەڵام گرنگتر و پیویستتر لەوە ریشە کیش و بنبرکردنی هۆکارەکانی تیروریزمە. چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە بە پشت بەستن بە هەمان زاراوەی"شەر" هەر لە ئیستاوە بە هەزاران دەقیقە بیدەنگی بۆ خۆمان دابین دەکەین.

***

## خۆپیشاندانی ئیعتیرازیی خەلك لە تارانو چەند شاری دیکەی ئیران

رۆژی یەك شەممە ١٣٨٠/٧/٢٩ پاش تەواوبوونی یاریی فووتباڵ لە نیوان ئیرانو بەحرەین لە مەنامە پیتەختی بەحرین دا، لە گەڕەکەکانی "تهران پارس، نارمك، سعادت آباد، میدان ولی عصر، خیابان ستارخان، میدان نور، کوی گیشا، خیابان آذربایجان، تجریش"و زۆر شوینی دیکە خەلك هاتنە خیابانو دەستیان کرد بە شیعاردان بە دژی ڕیژیم کە شیعارەکان بریتی بوون لە: "بر ووخێ ئیستیبداد، مردن بۆ ئاخوند، هیزەکانی ئینتیزامی دەبێ شەرم بکەنو خویندنی سروودی "ئەی ئیران".

هیزەکانی حکوومەت لە هەموو خیابانەکان دا بە حالەتی ئامادەباش ڕاوەستابوون، بەڵام خۆپیشاندان تا سەعات ١٢/٥ی ئەو شەوە دریژەی بوو. کاتیك هیزی ئینتیزامیو بەسیج نەیانتوانی بلاوە بە خەلك بکەن، گاردی دژی شۆر ش رژانە خیابانو دەستیان کرد بە گرتنو لیدانی خەلك و تەقەیان لە خەلك کرد کە لە ئاکام دا خەلکیکی زۆر بریندار بوونو پتر لە ٧٠٠ کەسیش گیران.

پیویستە بگوترێ هەر ئەو شەوە لە چەند شاری دیکەی ئیران دا حەرەکەتی لەم بابەتە ئەنجام دراوە.

**ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو ڕۆژێ**

**بەیانیان سەعات ٧ تا ٩**

**ئیواران سەعات ٧/٥ تا ٩/٥ بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:326 22 Oct 2001



**له دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی**

**"کوردستان"**

**لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:**

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## سەردانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە دەفتەری سیاسیی حیزب



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممۆ ٢١ی ڕەزبەری ١٣٨٠ی هەتاوی بەرامبەر ٢٠٠١/١٠/١٣ زایینی، هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)، بە سەرپەرستیی بەرێز عەبدوللا موهتەدی سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوە، پێك هاتوو لە بەرێزان فاروق بابامیری، ڕەزا کەعبی، عەبدوللا کۆنەپۆشی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو تالب یووسفیو ئەنوەر محەممەدی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران چاوی بە هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکرات بە سەرپەرستیی هاورێی بەرێز عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری گشتیو هاورێیان مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، حوسین مەدەنی، مستەفا مولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو هاورێیان فەتاح کاویان، قادر وریاو تەیمور مستەفایی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو هاورێ خالید وەنەوشە ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کەوت.

لەو دیدارەدا مەسەلە پێوەندیدارەکان بە ئێران، کوردستانو ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی جیهانو شوێنەواری ئەوان لە سەر وڵاتانی ناوچەو ئێران کەوتنە بەرباسو بیروڕایان لە سەر گۆڕایەوە. پاش کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنە کە تا سەعاتی ٤ی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە درێژەی کێشا، هەیئەتی میوان لە لایەن هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتەوە، بەرێزەوە بەرێ کرا.

## وەڵامی موریس کاپیتۆرن بە نامەی هاور ێ سەعدی عەبدی

**لە ژمارەی پیشووی "کوردستان" (ژمارە ٣٢٥)دا نامەی هاورێ سەعدی عەبدی بەرپرسی پیوەندییەکانی حیزب لە وانکوویری کانادا بۆ موریس کاپیتورن لیکۆڵەری تایبەتیی کومیسیونی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پیوەندی لەگەڵ چەند تیبینییەك لە سەر راپۆرتی ئەم دوایانەی ناوبراومان، بڵاوکردەوە. ئەوەش کە ئیستا دەکەویتە بەرچاوی خوینەران وەڵامی "کاپیتورن"ە بە نامەی ئاماژە پێ کراوە.**

کاك سەعدی ئازیز!

بەداخەوە بەشیکی زۆر لەم حەوتوویەو هەروەها لە حەوتووی داهاتووش لەم شارەدا نیم. کەوابوو ویدەچێ لانی کەم تا چەند حەوتووی دیکە نەتوانین یەکتری ببینین. ویرای ئەوەش پیمخۆشە دلنیاتان بکەمەوە کە وتوویژو ئالوگۆری بیرورا لە سەر وەزعی ژیانی کوردەکانی ئیران، بۆ من گرنگە. من پیم وایە کە هەر دوولا لە سەر ئەوە هاودەنگین کە مافەکانی کوردەکانو هەروەها کەمایەتییە نەتەوایەتیو مەزهەبییەکانی دیکە بە شیوەیەکی بەربڵاو پیشیل دەکرین. بەڵام ئەگەر ئیوە پیتان خۆش بێ، دەتوانین لەو پیوەندییەدا پیکەوە باسو وتوویژ بکەین. بۆ ئاگاداریتان دەمەوێ، بلیم کە ئەو چەند زانیارییەی سەرەتای راپۆرتەکەم کە ئیوە ئاماژەتان پێ کردوون لە حەوتوونامەیەکی نیونەتەوەیی باوەر پیکراو وەرگیراون کە کەمتر راپۆرتی هەڵە بڵاودەکاتەوەو ئەگەر لەو بارەوە هەڵەیەکیشی کردبێ تکایە ئاگادارم کەنەوە زۆر سوپاستان دەکەم. جگە لەوەش ئەمن پیم وایە کە هەر دوو لامان لە سەر چەوسانەوەی ئابووریی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران بەگشتیو دانیشتووانی ئوستانی کوردستان بە تایبەتی، هاودەنگین. ئەمن بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی ئابووریی کوردستانی ئیران پشتم بە راپۆرتەکانی سەرچاوە ئیرانییەکان بەستوەو هەروەها نوینەرانی کورد لە مەجلیس دا ـ وەك نوینەرانی کەمایەتییەکانی دیکە ـ لە بارەی بیکاری، نەرەخساندنی هەلی کار بۆ ئەوانەی دەنگیان پێداون، قسەیان کردوە. داخوا دەکرێ پاش ٢٢ی ئۆکتۆبر پتر لەو بارەیەوە قسە بکەین؟

**موریس کاپیتورن**

## تیرۆر لە ریگای ئینتیرنیتەوە

وەك خوینەرانی "کوردستان" و گویگرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران ئاگادارن ماوەیەکە تیکۆشەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە ریگای رابەلکەی جیهانیی ئینتیرنیتەوە هیندێ کۆبوونەوەو سیمیناریان ریك خستوە کە لەلایەن کوردەکانی دەرەوەی وڵاتەوە پیشوازییەکی گەرمی لی کراوە.

کەچی هاوریيانمان لە دەرەوەی وڵاتەوە ئاگاداریان کردووین کە عەناسیری سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئیران هەر لە کانالی ئینتیرنیتەوە کەوتوونە هەرەشەو گورەشە لە پیکهینەرانی ئەو سیمینارانەو تەنانەت هەرەشەیان لی کردوون کە ئەگەر واز لەو کارە نەهینن، کەسوکاریان لە نیوخۆی وڵاتیش دەکەونە ژیر فشارو سزادان.

ئیمە دلنیاین کە تیکۆشەرانی دیموکرات بەو جۆرە هەرەشانە چاوترسین نابنو هەولی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتو هەلویستەکانی حیزب لە هەموو ریگایەکەوە دریژە دەدەن. بەڵام جیگای سەرنج رەفتارو هەلویستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی دەولەتی ئاغای خاتەمی تیئۆریسیيەنی وتوویژی شارستانەتییەکان (گفتگوی تمدنها)ە کە بۆ کپ کردنی دەنگی هەقخوازانەی خەلکی کوردستان چۆن رایەلکەی جیهانیی ئینتیرنیتیش دەکەنە مەیدانیك بۆ تیرۆری فیکریو تۆقاندن!

**سایتی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو چاپەمەنیی دیکەی حیزب لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail: kurdistanmedia@yahoo.com

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**